# منظورات ما بعد البنيوية حول المنهجية التاريخية وتأثيرها على تحول الفهم التاريخي

م.م. زريان ظاهر كريم
Zaryan.kareem@su.edu.krd
قسم التاريخ، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين - أربيل، إقليم كردستان – العراق

أ.م. د. فرست زبير محمد رۆژبەیانی
pherset.rosbeiani@su.edu.krd
قسم التاريخ، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين - أربيل، إقليم كردستان - العراق

**الكلمات المفتاحية**: ما بعد البنيوية، المنهجية التاريخية، الخطاب والسلطة، جاك دريدا، ميشيل فوكو

**كيفية اقتباس البحث**

كريم , زريان ظاهر , فرست زبير محمد رۆژبەیانی , منظورات ما بعد البنيوية حول المنهجية التاريخية وتأثيرها على تحول الفهم التاريخي,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦ ,المجلد:١٦ ,العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

# Perspectives of Post-Structuralism on Historical Methodology and the Impact on the Transformation of Historical Understanding

**Zaryan Zahir Karim**
Zaryan.kareem@su.edu.krd
**Department of History, College of Arts, Saladin University - Erbil, Kurdistan Region - Iraq**

**Dr.Farast Zubair Muhammad Rizhbeyani**
pherset.rosbeiani@su.edu.krd
**Department of History, College of Arts, Saladin University - Erbil, Kurdistan Region – Iraq**

**Keywords** : Post-Structuralism, Historical Methodology, Discourse and Power, Jacques Derrida, Michel Foucault

**How To Cite This Article**
Karim , Zaryan Zahir , Farast Zubair Muhammad Rizhbeyani , Perspectives of Post-Structuralism on Historical Methodology and the Impact on the Transformation of Historical Understanding ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract
This research sought to understand and analyze post-structuralist theory in contemporary historiography. Post-structuralism emerged in France during the second half of the twentieth century as a critical reaction to structuralist theory. It later became a highly influential new methodology in historiography, thanks to thinkers such as Michel Foucault, Jacques Derrida, Baudrillard, and Deleuze. Post-structuralist theory rejected traditional historiography and emphasized discourse, language, the historian's personal interpretation, and power relations as the basis of history. Post-structuralists argue that history is not a clear record of the

past, but rather a process designed to be interpreted by power structures. Consequently, meaning is not fixed, and historical texts must be interpreted subjectively. In this context, the post-structuralist movement applied several approaches to historical writing, such as Foucault's approach to power, perception, and ethnology; Derrida's approach to deconstruction; and Deleuze's approach to multiplicity and concealment. This has led to a profound impact of post-structuralism on many historical aspects and fields to date, such as memory analysis, colonial history, socio-cultural history, feminist history, and contemporary digital history. Undoubtedly, post-structuralism has developed a wide range of historical methodologies, whose influence continues to grow. This paper consists of an introduction, five themes and conclusions. It is an introduction that is a gateway to introducing post-structuralist theory. In the first topic, entitled (Introduction, Characteristics and Causes of the Emergence of the Structuralism Movement), the origin, introduction, characteristics and causes of the emergence of the movement are presented. The second theme (Thinkers of the Post-Structural Movement) discusses the main thinkers of this movement. In the next topic (The Influence of Post-Structuralism on Historiography) he highlights the widespread influence that the post-structuralist movement had on historical method. He then explains the methods used in this movement in another topic entitled Post-Structuralist Historical Methods. In the final section, the most important criticisms of this trend are discussed.

**الملخص**

سعى هذا البحث إلى فهم وتحليل نظرية ما بعد البنيوية في التأريخ المعاصر. ظهرت ما بعد البنيوية في فرنسا خلال النصف الثاني من القرن العشرين كرد فعل نقدي على النظرية البنيوية. وأصبحت لاحقًا منهجًا جديدًا بالغ التأثير في التأريخ، بفضل مفكرين مثل ميشيل فوكو، وجاك دريدا، وبودريار، ودولوز. رفضت نظرية ما بعد البنيوية التأريخ التقليدي، وأكدت على الخطاب واللغة والتفسير الشخصي للمؤرخ وعلاقات القوة كأساس للتاريخ. يجادل ما بعد البنيويون بأن التاريخ ليس سجلًا واضحًا للماضي، بل هو عملية مصممة ليتم تفسيرها هياكل السلطة. ونتيجة لذلك، فإن المعنى ليس ثابتًا، ويجب تفسير النصوص التاريخية بشكل ذاتي. وفي هذا السياق، طبقت الحركة ما بعد البنيوية عدة مناهج في الكتابة التاريخية، مثل منهج فوكو في السلطة والإدراك والإثنولوجيا؛ ومنهج دريدا في االتفكيك؛ ومنهج دولوز في التعددية والإخفاء. وقد أدى ذلك إلى تأثير عميق لما بعد البنيوية على العديد من الجوانب والمجالات التاريخية حتى الآن، مثل تحليل الذاكرة، وتاريخ الاستعمار، والتاريخ الاجتماعي والثقافي، والتاريخ النسوي، والتاريخ الرقمي المعاصر. ولا شك أن ما بعد البنيوية قد طورت طيفًا واسعًا من المنهجيات التاريخية، التي لا يزال تأثيرها يتزايد. تتألف هذه الورقة من مقدمة، وخمسة محاور، وخاتمة. تُعدّ المقدمة مدخلاً إلى نظرية ما بعد البنيوية. في المحور الأول، بعنوان (مقدمة، وخصائص، وأسباب ظهور الحركة البنيوية)، يُعرض أصل الحركة، ومقدمتها، وخصائصها، وأسباب ظهورها. أما المحور الثاني (مفكرو الحركة ما بعد البنيوية) فيناقش أبرز

مفكري هذه الحركة. وفي المحور التالي (تأثير ما بعد البنيوية على التأريخ)، يُسلّط الضوء على التأثير الواسع النطاق الذي أحدثته الحركة ما بعد البنيوية على المنهج التاريخي. ثم يشرح المناهج المستخدمة في هذه الحركة في محور آخر بعنوان (المناهج التاريخية ما بعد البنيوية). وفي القسم الأخير، تُناقش أهم الانتقادات الموجهة لهذا التيار.

**ڕوانگەی دوای-پێکهاتەگەرایی بۆ میتۆدی مێژوونوسی و کاریگەری لەسەر گۆڕینی تێگەیشتنی مێژوویی**

**م.ی. زریان ظاهر کریم**
**بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان-عێراق**
Zaryan.kareem@su.edu.krd

**پ. ی. د. فرست زبیر محمد رۆژبەیانی**
**بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان-عێراق**
pherset.rosbeiani@su.edu.krd

**پوختە:**
ئەم توێژینەوە هەوڵدەدات تیۆری دوای-پێکهاتەگەرایی لە مێژوونووسی هاوچەرخدا تێبگات و شیکاری بکات. دوای-پێکهاتەگەرایی لە فەرەنسا لە ماوەی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا وەک کاردانەوەیەکی ڕەخنەگرانە بەرامبەر بە تیۆری پێکهاتەگەرایی سەریهەڵدا. دواتر بوو بە ڕێبازێکی نوێی کاریگەرێکی بەرز بۆ مێژوونووسی، ئەمەش بەهۆی بیرمەندانی وەک میشێل فۆکۆ، جاک دێریدا، جۆرج بۆدریلارد و فرانسوا دێلۆز. تیۆری دوای-پێکهاتەگەرایی مێژوونووسی نەریتی ڕەتکردەوە و جەختی لەسەر گوتار و زمان و لێکدانەوەی کەسیی مێژوونووس و پەیوەندییەکانی دەسەڵات وەک بناغەی مێژوو دەکردەوە. دوای-پیکهاتەگەراکان دەڵێن مێژوو تۆمارێکی ڕاست و دروستی ڕابردوو نییە، بەڵکو پرۆسەیەکە کە داڕێژراوە بۆ ئەوەی لەلایەن پێکهاتەکانی دەسەڵاتەوە لێکبدرێتەوە، لە ئەنجامدا مانا جێگیر نییە و دەقە مێژووییەکان دەبێ بە شێوەیەکی سوبژێکتیف لێکبدرێنەوە. لەم چوارچێوەیەدا بزووتنەوەی دوای-پێکهاتەگەرایی چەندین ڕێبازی بۆ نووسینی مێژوویی بەکارهێنا، وەک ڕێبازی فۆکۆ بۆ دەسەڵات، مەعریفە و ئێتنۆلۆژی؛ ڕێبازی دێریدا بۆ وێرانکردن؛ و ڕێبازی دێلۆز بۆ فرەیی و شاردنەوە. ئەمەش بووەتە هۆی کاریگەرییەکی قووڵی دوای-پێکهاتەگەرایی لەسەر زۆر لایەن و بوارەکانی مێژوو تا ئەمڕۆ، وەک شیکاری یادەوەری، مێژووی کۆلۆنیالیزم، مێژووی کۆمەڵایەتی و کولتووری، مێژووی فێمینیست و مێژووی دیجیتاڵی هاوچەرخ. بۆ دوای-پێکهاتەگەرایی کۆمەڵێک میتۆدۆلۆژیای مێژوویی بەرفراوانی پەرەپێداوە، کە کاریگەرییەکانیان بەردەوامە لە گەشەکردن.

**کلیلە وشە:** دوای-پێکهاتەگەرایی، میتۆدی مێژوویی، گوتار و دەستەڵات، جاک دێریدا، میشێل فۆکۆ.

**پێشەکی**

سەدەی بیستەم سەردەمی گۆڕانکارییە تیۆرییەکان بوو لە شیکاری و نوسینی مێژوودا. لەسەرەتای سەدەی بیستەم کە میتۆدی ئەزمونگەرایی و پۆزەتیڤیزم(بابەتیانە) زاڵ بوو، دواتر تیۆرە پێکهاتەگەراکان بونە جێگرەوە وەک میتۆدێکی نوێ. پێکهاتەگەرایی جەختی لە پێکهاتە دەکردەوە وەک بنچینەی مێژوویی، هەروەها دیاریدە کلتورییەکان بەپێی پێکهاتە درێژخایەن و نائاگاکان بەڕێوەدەچن کە ڕەفتار و بیرکردنەوەی مرۆڤەکان دادەرێژن. جگە لەوەش

پێکهاتەگەرایی تیشکی خستە سەر جێگری مانا و دەقی مێژوویی. لەم چوارچێوەیەدا دوای-پێکهاتەگەرایی وەک وەڵامێکی ڕاخنەگرانە و درێژکراوەی پێکهاتەگەرایی سەریهەڵدا لە فەرەنسا بە تایبەت لە بازنەی زانستی پاریس لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان.
لە کاتێکدا پێکهاتەگەرایی پرۆسەی مێژووی بە ئاشکراکردنی پێکهاتە درێژخایەنەکانی زمان و کولتوور و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەبینی، بەڵام دوای-پێکهاتەگەرایی ڕەتیکردەوە کە پێکهاتە جێگیر بێت و مانای مێژوویش گشتگیر بێت، هەروەها دژی حەتمیەتی مێژوویی بوو. بەلای بیرمەندانی دوای پێکهاتەگەرایی مانا هەرگیز جێگیر و چەسپاو نیە بەڵکو دواخراوە و دەگۆڕێت بەهۆی گوتاری دەستەڵات و دامەزراوەکانی دادەتاشرێت.
دوای-پێکهاتەگەرایی کاریگەری زۆر و دوورمەودای لەسەر لایەنی تیۆری میتۆدی مێژوویی دروست کرد، چونکە دژی ئەو ڕوانگە وەستایەوە کە مێژووی وەک ئاوێنەیەکی بێلایەنی ڕابردوو دەبینی، هەروەها لێکدانەوەی کەسی مێژوونوس و بێلایەنی سەرچاوەکانی خستە ژێر پرسیارەوە. بە کورتی، لە دیدی دوای-پێکهاتەگەرایی مێژوو نادۆزرێتەوە، بەڵکو لە ڕێگای گوتار، زمان، چوارچێوەی ئایدۆلۆژی و بە ئەرشیفکردن بەرهەم دێت.
ئەم توێژینەوە شیکاری بۆ بیرمەندە سەرەکیەکانی تیۆری دوای-پێکهاتەگەرایی دەکات لەگەڵ ئەو میتۆدە جیاوازانەی کە پێشکەشکیان کردوە لە مێژوونوسیدا وەک فۆکۆ و درێدا و دیلۆز و بۆدریلارد. کە فۆکۆ میتۆدی دەستەڵات و مەعریفە و ڕەچەڵکناسی بەکارهێنا، دواتر درێدا بە میتۆدی وێرانکردن پەنجەرەیەکی نوێی بە ڕووی مێژوونوسی کردەوە، هەروها دیلۆز میتۆدی فرەیی بەکارهێنا بۆ رەتکردنەوەی کاتی مێژوویی هێلی. لە کۆتایدا، بۆدریلارد میتۆدی گەورەکردنی واقیعی بەکارهێنا.

ئامانجی توێژینەوە: ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوە ئەوەیە کە شیکاری بکات بۆ کاریگەری تیۆری پێکهاتەگەرایی لەسەر میتۆدی مێژوونوسی و ڕۆڵی لە دارشتنەوەی مەعریفەی مێژوویی لە رێگەی وردبونەوە لە بەرهەمی بیرمەندەکانی وەک دیلۆز و درێدا و بۆدریلارد و فۆکۆ.
پرسیاری توێژینەوە: چۆن تیۆری دوای-پێکهاتەگەرایی مێتۆدی مێژوویی گۆڕی  و بەرهەمهێنانی مەعریفەی مێژوویی داڕشتەوە؟ هەروەها گرنگترین ئەو ئامراز و میتۆدانە چی بوون کە لە ڕەوتی دوای-پێکهاتەگەرایی بۆ شیکاری مێژوویی بەکارهاتن؟
**میتۆدی توێژینەوە:** لەم توێژینەوە شێوازی نێوان زانستەکان(interdisciplinary) بەکارهاتوە بۆ شیکاری کردنی دوای-پێکهاتەگەرایی لە بواری مێژوودا. هەروەها میتۆدی بەراوردکاری و ڕەخنەیی بەکارهێنراوە بۆ دەرخستنی کاریگەری دوای-پێکهاتەگەرایی لەسەر مێتۆدی مێژوویدا. لە کۆتایدا، شیکاری چۆنایەتی بەکارهاتوە بۆ خوێندنەوە و لێکدانەوە دەقە مێژوویەکان.
**پێکهاتەت توێژینەوە:** ئەم توێژینەوە لە پێشەکی و پێنج تەوەر و دەرئەنجام پێکهاتوە. پێشەکیەکە کە دەروازەیەکە بۆ ناساندنی تیۆری دوای-پێکهاتەگەرایی. لە تەوەری یەکەم بەناونیشانی(ناساندن و تایبەتمەندیەکان و هۆکارەکانی دەرکەوتنی ڕەوتی پێکهاتەگەرایی)، سەرەتای سەرهەڵدان و ناساندن و تایبەتمەندیەکانی ڕەوتەکە و هۆکارەکانی دەرکەوتنی دەخاتە روو. تەوەری دووەم (بیرمەندەکانی ڕەوتی دوای-پێکهاتە) بیرمەندە سەرەکیەکانی ئەم ڕەوتە خراونەتە بەرباس. لە تەوەری دواتر **(کاریگەری دوای-پێکهاتەگەرایی لەسەر مێژوونوسی)** تیشک دەخاتە سەر ئەو کاریگەریە بەرفراوانەی کە ڕەوتی دوای-پێکهاتەگەرایی لەسەر میتۆدی مێژوونوسی دروستی کرد. پاشان لە تەوەرێکی تر بە ناونیشانی (میتۆدەکانی مێژوونوسی دوای-

پێکهاتەگەرایی) ئەو میتۆدانە ڕووندەکاتەوە کە لەم ڕەوتە بەکارهاتوون. لە تەوەری کۆتایدا، گرنگترین ئەو ڕەخنانە گەنگەشەکراون کە لەم ڕەوتە گیراون.

**سەرچاوە سودبەخشەکان**: لەم توێژینەوە سەرچاوە ڕەسەنەکان و کتێب و بەرهەمی مێژوونوس و بیرمەندەکانی کە ئەو ڕەوتەیان دروستکردوە بەکار هاتوون وەکو درێدا، فۆکۆ، دیلۆز و بۆردیلارد. هەروەها کۆمەڵێک وتاری گۆڤارە زانستیەکان و سەرچاوەی لاوەکی و مۆنۆگرافیای زانستی سودیان لێ بینراوە. لە کۆتایدا، کۆمەڵێک سەرچاوەی کوردی و عەرەبی بەکار هاتوون.

## تەوەرەی یەکەم: ناساندن و تایبەتمەندیەکان و هۆکارەکانی دەرکەوتنی ڕەوتی پێکهاتەگەرایی:

### 1.1سەرهەڵدان و تایبەتمەندیەکانی دوای-پێکهاتەگەرایی:

دوای-پێکهاتەگەرایی کە وەک تیۆرێکی هزری و کۆمەڵایەتی وەک پەرچە کردار لەبەرامبەر پێکهاتەگەرایی سەریهەڵدا لە فەرەنسا لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، کە ڕەخنەگرتنی کۆمەڵێ بیرمەند لە تیۆری پێکهاتەگەرایی بوە ڕەوتی دوای پێکهاتەگەرایی( Derrida, 1978, 23 ; Heller, 1984, 162 ). پێکهاتەگەرایی چی بوو**1**؟ پێکهاتەگەراکان پێیان وابوو پێکهاتە گشتیەکانی وەک زمان، پراکتیزە کۆمەڵایەتییەکان، کۆمەڵگە، کلتور سیستەمەی ژیان دادەرێژن و مانایەکی جێگری پێ دەدەن، بەڵام دوای-پێکهاتەگەرایی پێی وایە کە مانا ناجێگیرە، مانا و زمان دەگۆڕێن هەروها مەعریفەی مێژوویی لە ئەنجامی پەیوەنیەکانی دەستەڵات دروست دەبێت(Derrida, 1976, 140-43 ; Derrida, 1973, 35-38 ; Mendie, 2020, 30).

دوای-پێکهاتەگەرایی وەک تیۆرێکی کۆمەڵایەتی لە شەستەکانی سەدەی بیستەم لە فەرەنسا سەریهەڵدا، بەتایبەت لە بازنەی هزری پاریس، بە دیاریکراویش لە دوای خۆپیشاندانەکانی فێرخوازان لە فەرەنسا لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٦٨ کە دژی دەستەڵاتی ناوەندی و مەرکەزیەت وەستانەوە. بەمجۆرە ئەو ڕەوتە لە حەفتاکانی سەدەی بیستەم گەشەی کرد لە زمانەوانی و فەلسەفە بۆ مێژوو، دواتر مرۆڤناسی، ڕەخنەی ئەدەبی، توێژینەوەی کلتوری و کۆمەڵناسی گرتەوە(Foucault, 1980, Ix ; Charalambous, 2021, 50).

ڕەوتی دوای-پێکهاتەگەرایی چەندین تایبەتمەندی هەیە پێی دەناسرێتەوە، لە گرنگترین تایبەتمەندی ناناوەندی ڕاستیە(Decentralization of Truth)، کە ئەم ڕەوتە پێی وایە کە ڕاستیەک نیە یەک مانا هەبێ و یەکگرتوو بێت بەڵکو ڕاستی پارچە پارچەیە و بەستراونەتەوە بە ڕوانگەی کەسی(Lyotard, 1984, xi-xx ; Griffiths, 2007, 93-97). تایبەتمەندیێکی تر لێک هەڵوەشاندنەوە و وێرانکردنە (Deconstruction)، کە جاک دێریدا دایهێنا، بەمانای لێکهەڵوەشاندنەوەی زمان و دەقەکان بە مەبەستی دەرخستنی دژایەتیە سروشتیەکان کە ڕوونیدەکاتەوە مانای مێژوویی هەمیشە ناجێگیرە و ملکەچ کراوە( Derrida, 1978, x ; Kates, 2005, xv-xxiv). دەستەڵات و مەعریفەی میشێل فۆکۆ یەکێکی ترە لە تایبەتمەندی ئەو ڕەوتە، کە پێی وابوو مەعریفە ڕاستیە مێژوویەکان بێلایەن نین بەڵکو لەڕێگەی گوتاری دەستەڵات بەرهەم دەهێنرێن(Foucault, 1989, 34-48 ; Turkel, 1990, 178). لە کۆتایدا، تێکەڵکردنی دەقەکان (Intertextuality) کە ئەم ڕەوتە پێی وایە هەر دەقێکی مێژوویی مانا لە دەقەکانی تر وەدەگریت و گۆشەگیر نیە( Barthes, 2014, 141-45 ; Haberer, 2007, 55). وەک سپیڤاک ئاماژەی پێ کردووە کە لێکدانەوە بۆ شۆڕشی ئەمەریکی جیاوازە لەلایەن بەریتانی و ئەمەریکی و دانیشتوانە ڕسەنەکان(Spivak, 1999, 76-78).

ڕەوتی دوای-پێکهاتەگەرایی کە  بە ڕەخنەگرتن لەسەر میراتی پێکهاتەگەرایی دروست بوو لە ساڵانی شەستەکان لە فەرەنسا بە پەیڕەوکردنی میتۆدی نوێ. میشێل فۆکۆ سودی وەرگرت لە میتۆدی نیچە(Nietzsche) دەربارەی ڕەسەنناسی تا شوێنەوای بەرهەمهێنانی ڕاستیەکان لەلایەن دەستەڵات ئاشکرا بکات(Foucault, 1977-141-50 ; Thomas, 1993, 104-111). دواتر دێریدا سودی بینی لە میتۆدی زانستی بوون-ئۆنتۆلۆجی(Ontology) هایدیگەر(Heidegger) دەربارەی ڕەخنەکانی لە میتافیزیکی-دوای سروشتی (metaphysic) ڕۆژئاوا(Derrida, 1976, xiv- lxxxvii ; Derrida, 1991, 1-6 ; Derrida, 2016, 29-42). دەرونشیکاری لاکان کە بە نائاگا(unconscious) ناسراوە ڕۆڵی هەبوو کە بیرمەندانی دوای پێکهاتە گەرایی باوەڕیان بۆ دروست بێت کە هەست و ڕا (لێکدانەوەی کەسی) (subjectivity) بەسەر بێلایەنیدا زاڵە(؛ Marta, 1987, 51-54). بۆیەش بیرمەندانی ڕەوتی دوای-پێکهاتەگەرایی دژی پێکهاتە گشتیەکان وەستانەوە، مکوڕ بوون لەسەر ئەوەی زمان ڕژێمێکی جێگیر نیە، بەڵکو ماناکان لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی، کلتوری و مێژوویی دەگۆڕێن، تیشکیان خستە سەر نەرمی یاخوت شلی (fluidity) مانا، کە دەستەڵات و گوتار لە قالبی دەدەن(سعد الله، ٢٠٠٧، ٢٣؛ Derrida, 1976, 140-43 ; Mendie, 2020, 30).

بیرمەندانی دوای-پێکهاتەگەرایی گۆڕانێکی ڕیشەییان دروست کرد لە نوسینی مێژوو بە گۆڕینی مێتۆدەکای مێژوونوسی. ئەم ڕەوتە پێداگر بوو کە بابەتیبون-بێلایەنی (objectivity)نیە لە مێژوو هەروەها مێژوونوسان ناتوانن دەستیان بە ڕابردوو بگات بە شێوازی ڕاستەقینەی چونکە دەقەکان لەنێوان مێژوونوس و ڕاستی دان بۆ نمونە بەڵگەنامەکانی کۆڵۆنیاڵیزم بێلایەن نین چونکە ڕەنگدانەوەی داگیرکارین(Jenkins, 1991, 17-31 ; Woodward, 2009, 369). بە نمونە، ئەرشیفی کۆلۆنیالیزم ڕەنگدانەوەی داگیرکاری ئیمپریالیزمە، نەوەک ڕاستیەکی بێلایەن(Stoler, 2009, 1-9). زیاتر لەمبارەوە، ڕۆلاند بارتس بیرۆکەی مردنی نوسەری داهێنا کە پێی وابوو ڕاستی مێژوویی ئەوە نیە لەلایەن مێژوونوسێکی سەر بە دەستەڵات دەنوسرێتەوە بەڵکو دەبێ فرەڕەنگی و فرەڕەهەندی (multivocal) لە نوسینەوەی هەبێت، لێکدانەوەی جیاوازی بۆ بکرێت، ئەمەش کاریگەری لەسەر دوای-پێکهاتەگەرایی هەبوو( Barthes, 2014, 4-5 ; Darroch, 2008, 95).  بۆ نمونە ونکردنی ڕۆڵی ئافرەتان لە شۆڕشەکاندا (Scott, 1983, 155; Scott, 1987, 36) مێژوونوسانی ئەو ڕەوتە باوەڕیان بە ڕێژەگەرایی مێژوویی (historical relativism) هەیە بە مانای ئەوەی لە مێژوودا ڕاستی ڕەها بونی نیە بەڵکو مەعریفەی مێژوویی پەیوەستە بە زەمینە کۆمەڵایەتی و مێژوویەکان، هەوەها یەک تاکە گێڕانەوە ناتوانێ ڕاستی بدۆزێتەوە، دەبێ بە دیدگای جیاواز لێکبدرێنەوە ( Griffiths, 2007, 97 ; Caplan, 1989, 267-74).  وەکو گوها کە سەر لەنوێ مێژووی هیندستانی کۆڵۆنیاڵیزمی نوسیەوە لە ڕوانگەی جوتیاران(Guha, 1997, 80-90 ; Prakash, 1994, 1478). هەربۆیەش ئەو ڕەوتە باوەڕی بە وێرانکردنی گێڕانەوەی زاڵ-باڵادەست( Deconstructing Dominant Narratives) هەیە وەکو ئەوروپاسەنتەری، چونکە لەڕێگەی گوتاری دەستەڵات بەرهەم هاتوە، لە جیاتی ئەوە تیشکی خستە سەر دەنگە پەراوێزخراوەکانی وەک گەلانی ڕەسەن، کۆیلە، ژنان، کەمینەکان(Caplan, 1989, 273 ; Kellner, 1987, 3). هەروەک چۆن فۆکۆ دەڵێ مێژوو ڕووی ڕاستی ڕووداوەکان نیە، لەژێر کاریگەری دەستەڵاداران نوسراوەتەوە(Foucault, 1995, 27).

**1.2ڕەخنە لە پێکهاتەگەرایی و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی دوای-پێکهاتەگەرایی:**

وەک دیارکرا هۆکاری سەرەکی دەرکەوتنی ئەو ڕەوتە ڕەخنە بوو لە ڕەوتی پێکهاتەگەرایی بە تایبەت ڕەخنەی ئەوەی کە پێکهاتەگەراکان ئاڵۆزی و گۆڕانکاری مێژوویان لەبەرچاو نەگرتوە، هەروها لای پێکهاتەگەرکان پرۆسەی مێژوویی و ڕەفتاری مرۆڤ دەرئەنجامی سیستەمێکی دیاریکراوە (Deterministic) کە هەم نائاگایە و هەم گشتگیرە وەک کلتور و زمان، بەڵام هیچ کەلێنێکیان بۆ دەزگای مێژوویی(Historical agency) و ڕۆڵی تاک نەهێشتبووەوە لە گۆڕانکاری مێژوویی(Derrida, 1976, 163 ; Heller, 1984, 150). بەهەمان شێوە، پێکهاتەگەراکان دوپاتیان دەکردەوە پێکهاتەکانی کۆمەڵگە وەکو کۆمەڵایەتی، ئابوری و سیاسی بەڕێوەدەبەن جێگیرن بەڵام بیرمەندانی دوای پێکهاتەگەرایی لەگەڵ ئەوە بوون کە مێژوو دەگۆڕێت وەک شۆڕش. بۆیەش بیرمەندانی دوای پێکهاتەگەرایی گوتیان کە مێژوو لای پێکهاتەگەراکان نەگۆڕ(static)، دیاریکراو (deterministic) و ڕەقە(rigid)، بەڵام ئەوان هەڵەن چونکە پێکهاتەکان شلن(fluid) و دەگۆڕێن بە پێی چوارچێوەی کارکردنیان( Derrida, 1976, 163 ; Derrida, 1973, 35-38 ; Mendie, 2020, 30).

دوای-پێکهاتەگەرایی وەک وەڵامێکی ڕەخنەیی دەرکەوت بەرامبەر پێکهاتەگەرایی بە تایبەت حەتمیەتیان ڕەتکردەوە (Rejection of Determinism) کە جاک دێریدا گوتی مانا جێگیر نیە و دواخراوە (defer)، بۆ ئەوەش چەمکی جیاوزی(différance) بەکار هێنا هەروەها لەم ڕەوتە مێژوو پرۆسەیەکی جوڵاو و کتوپڕە (dynamic and contingent process) کە لە ئەنجامی دژایەتی پەیوەندیەکانی دەستەڵات لەناو کۆمەڵگە دەگۆڕێت(Kates, 2005, xix-xxvii, Jones, 2004, 45-47 ; Derrida, 1976, 143-58). زیاتر لەمبارەوە، لە دوای-پێکهاتەگەرایی بە تایبەت دێریدا و فۆکۆ گوتیان کە مێژوو کتوپڕ و نارونە ( Contingency and Ambiguity)، هەروەها مانا پەیوەستە بەو ژینگەی کە ڕوداوی تێدا ڕوودەدات و ئاڵۆزی مرۆڤ لەبەرچاو بگرێ ئەمەش ڕێی خۆشکرد بۆ لێکدانەوەی ئەگەر و گریمانە جیاوازەکان(Foucault, 1989, 7-9 ; Bernard, 2007, 1-3).

لە دوای-پێکهاتەگەرایی بە پێچەوانەی ڕەوتی پێکهاتەگەرایی دان بە ڕۆڵی و مرۆڤ و لێکدانەوەی (Human Agency and Subjectivity) دەنێت لە گێرانەوەی مێژوویی کە ئەو گێڕانەوە لەلایەن تاک و کۆمەڵەکان بەرهەم دێت بەڵام شیکردنەوەکانیان وابەستەیە بە زمان و هێزی ئایدۆلۆژی و دەستەڵات، هەر بۆیەش لەم ڕەوتە مێژوونوس ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە مەعریفەی مێژوویی و نوسەرێکی بێلایەن نیە بۆ نوسینی ڕاستیەکان(Carle, 2005, 309). جگەلەوەش بیرمەندانی ئەو ڕەوتە پێیان وابوو کە پێکهاتەگەراکان گشتاندنیان (Overgeneralization) کردوە لە گێرانەوەی مێژوویی، وەک ئالتۆسەر کە هەموو مێژوو دەکاتە دەوڵەتی ئایدۆلۆژی، ڕۆڵی تاک و خەباتی ناو دەوڵەتەکان لەبەرچاوناگرێت( Althusser, 2005, 150-54 ; Cannell, 2024, 6).

جیا لەم هۆکارانە نارەزایی و بزوتنەوە هزری و سیاسیەکانی ساڵانی شەست و حەفتاکان کاریگەری زۆریان لەسەر گەشەکردنی دوای-پێکهاتەگەرایی هەبوو، کە ئەو کەش و هەوا سیاسیە لە فەرەنسا ئەو ڕەوتەی جۆش کرد بە ڕەخنەگرتن لە دەستەڵاتە چەوسێنەر و پاوانخوازەکان. بە تایبەت لەگەڵ هەڵچونە سیاسیەکەی ئایاری ١٩٦٨ لە فەرەنسا کە بزوتنەوەکە دژی دەستەڵاتی پارێزگار بوو بۆ گۆڕینی سیستەمی سیاسی بەتایبەت لەناو زانکۆکان. ئەو ڕاپەرینە کاریگەری ڕیشەیی دروستکرد لەسەر گۆڕینی بیرۆکە نەریتیەکان لەناویشیاندا میتۆدی مێژوونوسی(Foucault, 1980, Ix ; Charalambous, 2021, 50).

هەر لەم میانەدا بیرمەندانی وەک فۆکۆ و درێدا گێرانەوەی نەریتیان ڕەتکردەوە( Traditional Narratives)، هەروەها ڕەخنەیان لە گێرانەوەی باڵادەست و □□□□□□□ی دارێژراو(established knowledge) گرت کە لەلایەن دەستەڵات دارێژرا بوون وەک میکانزمێک بۆ کۆنترۆل کردن و سەپاندنی هەژمونی خۆی. بۆیە ئەو ڕەوتە دوپاتی کردەوە کە مانا ناجێگیرە و دەکرێ لێکدانەوەی دژبەیەک بۆ مێژوو هەبێت( Lamont, 1987, 593 ; Calcagno, 2009, 37-43).

خاڵێکی گرنگی تر بۆ دەرکەوتنی ئەو ڕەوتە گۆرانی ئەکادیمی (Academic Shifts) بوو لە ساڵانی شەست و حەفتاکان کە ڕەوتە نەرتیەکانی وەک ئەزمونگەرایی(empiricism) و پۆزەتیڤیزم (positivism) خرانە ژێر پرسیارەوە(Bowden, 2019, 482-84). ڕێبازی بونگەرایی (Existentialism) کە ژان پۆڵ سارتەر(Jean-Paul Sartre) کاریگەری زۆری لەسەر ئەو ڕەوتە هەبوو، کە سارتەر ڕەخنەی لە بیری دیالێکتی گرت(Dialectical Reason)، هەروها جەختی لەسەر ئەزمونی تاک و بابەتیانە کردەوە، ئەمەش بەڕوونی کاریگەری لەسەر ئەو ڕەوتە هەبوو(Sartre, 2004, xiii-xvi ; Bernard, 2007, 8-16). هەروەها فەیلەسوفی فەڕەنسی ئەلبێرت کامۆ (Albert Camus) کەریگەری هەبوو لەسەر دوای-پێکهاتەگەرایی، کامۆ لە ئەفسانەی سیزۆف چەمکی بێمانا (absurd) ناساند کە مانای چەسپاوی ڕەتکردەوە( Camus, 1955, 4-7 ; Frye, 1986, 2). هەروەها کامۆ لە کتێی یاخیبون ڕەهاگەرایی ئایدۆلۆژی (ideological absolutism) ڕەتکردەوە کە کاریگەری هەبوو لەسەر ڕەتکردنەوەی گێرانەوەی گەورە لەلایەن پێکهاتەگەراکان(Camus, 1954, 11-16 ; Han, 2020, 41). کامۆ لە کتێی نامۆ تیشک دەخاتە سەر لێکدانەوەی کەسی (Subjectivity) و پارچەبوون (Fragmentation) کە دواتر دوای-پێکهاتەگەراکان بەکاریان هێنا، چونکە لای ئەوان مێژوو پەیوەستە بە لێکدانەوەی مێژوونوس و ڕاستیش پارچە پارچەیە( Camus, 1989, v-vii ; Belsey, 2022, iii).

دوای-مۆدێرنیتەش(Postmodernism) کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر ڕەوتی دوای-پێکهاتەگەراکان چونکە بیرمەندی دوای-مۆدێرنیتە ژان فرانسوا لیۆتارد گێرانەوەی گەورەی(grand narratives) ڕەتکردەوە، وەک ڕوانگەی نەتەوەیی و مارکسی بۆ مێژوو. لیۆتارد دەیگوت هیچ گێرانەوەیەکی یەگرتوو نیە بۆ مێژوو تا ئاڵۆزی مرۆڤ شیبکاتەوە، بەڵکو ڕاستی و مێژوو و معریفە لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتی بەرهەم هاتون. بۆیەش دوای-پێکهاتەگەراکان مێژوویان پارچە پارچە کرد و مێژووی هەمووەکیان (total history) ڕەتکردەوە(Lyotard, 1984, vii-xxv ; Callan, 2011, 44).

تیۆری دوای-پێکهاتەگەرایی لەگەڵ تیۆرەکانی تر کارلێکی هەبوە بەتایبەت تیۆری فێمێنیزم (Feminist Theory). ڕەوتی دوای-پێکهاتەگەرایی پێی وابوو کە ڕۆڵی ئافرەت پەراوێز خراوە لە گێرانەوەی مێژوویی، ئەوەش هەمان بابەتە کە ڕەوتی فێمینیزم داوای دەکات وەکو بیرمەندانی فێمینیزم جودیس باتلەر(Judith Butler) و لوسی ئیریگارای(Luce Irigaray) کە دەیانگوت ڕەگەز پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیە نەک ڕاستیەکی بایۆلۆژی، هەروەها مێژوونوسی ڕوانگەی پیاوسالاری بەسەردا زاڵە. ئەوەش کارلێکی لەنێوان هەردوو ڕەوتەکە دروست کرد( Butler, 1999, 12 ; Borgerson, 2005, 63 ; Butler, 1993, 4-9). بەهەمان شێوەش، ڕەوتی دوای-پێکهاتەگەرایی کارلێکی لەگەڵ دوای کۆڵۆنیاڵیزمیش هەیە بەتایبەت لە ڕەخنەگرتن لە شێوازەکانی مێژوونوسی و کپکردنی دەنگی گەلانی ژێردەست، هەروەها گێرانەوەی



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

سەردەستە(master narratives) ڕەتدەکەنەوە(Spivak, 2023, 78 ; Lazarus, 2004, 147-55).

تیۆری دەروونشیکاری (Psychoanalytic Theory) کاریگەری بەرچاوی لەسەر ڕەوتی دوای-پێکهاتەگەراکان هەبوو، بەتایبەت سیگمۆند فرۆید(Sigmund Freud) و جاک لاکان(Jacques Lacan). دوای-پێکهاتەگەراکان نائاگایی، کاریگەری سەرکوتکردن و لێکدانەوەی هێماو زمانیان لە دەروونشیکاری وەرگرت، هەورەها لە ڕێی دەرونشیاکری لە کاریگەری ترس، ئارەزوو و یادەوەریە سەرکوتکراوەکانیان دەکۆڵیەوە لە گێڕانەوەی مێژوویی(Lacan, 1999, 524 ; Marta, 1987, 52-56 ; Griffiths, 2007, 90).

لە کۆتایدا، دوای-پێکهاتەگەرایی وەک پەرچەکردار بەرامبەر تیۆری مارکسی دەرکەوت کە جەخت دەکاتەوە لەسەر هۆکارە ئابوریەکان و خەباتی چینایەتی، هەروەها بەهەمان شێوە مارکسیزمی پێکهاتەگەراکانیش ڕەتدەکاتەوە بە جەخت کردنەوە لەسەر ئایدۆلۆژیا. بیرمەندانی ئەو ڕەوتە دوپاتیان کردەوە کە مێژوونوسی مارکسیزم ئالۆزی ڕوداوە مێژوویەکان لەبەر چاو ناگرێت، دەبێ لە شیکاری مێژوویی سەرجەم لایەنە جۆراوجۆر و ناکۆکەکان لەبەر چاو بگیرێن(Foucault, 1978, 93-98 ; Callinicos, 1985, 96-98).

**تەوەری دووەم: بیرمەندەکانی ڕەوتی دوای-پێکهاتەگەرایی:**

**2.1 جاک دێریدا:**

جاک دێریدا (1930-2004) بیرمەندی سەرەکی ڕەوتی دوای-پێکهاتەگەراییە کە کاریگەریەکەی لە بوارەکانی مێژوونوسی، ئەدەب، فەلسەفە، یاسا دەرکەوت. بە تیۆری لێکهەڵوەشاندن یان وێرانکردن(deconstruction) بەناوبانگە، هەروەها بە چەمکی جیاوازی (différance) دناسرێتەوە کە لەرێگەی ئەو میتۆدە چاویلکەیەکی ڕەخنەگرانەی دابینکرد بۆ گێڕانەوە مێژوویەکان و پێکهاتەی دەستەڵات(ریان، ٢٠٢٣، ١٩٥-٩٦؛ Derrida, 1996, 79-85).

وێرانکردن تیۆری دریدا وەک پەرچەکردار دژی پێکهاتەگەراکان دروست بوو کە پێیان وابوو مانا جێگیرە یان بۆماوەیە لە زمان، بەڵام دریدا ئەوەی ڕەتکردەوە، بۆئەوەش تیۆری جیاوازی(différance) داهێنا کە پێی وایە مانا هەموو کات دواخراوە (deferred)، هەروەها مانا لە هیچ دەقێک بەتەواوی نیە، مانا دەبێ زینجیرەیەک لێکدانەوەی جیاوازی بۆ بکرێت(Derrida, 1982, 3-10). بۆیە وێرانکردن بە مانای ئەوە دێت کە گێڕانەوەی مێژوویی پەیوەستن بە زمان و دیدی مێژوونوس و ڕاستی و بابەتی نین(Kates, 2005, 62-71).

لە گرنگترین تایبەتمەندی تیۆری وێرانکردن بریتیە لە دوانەیی دژیەک ( Binary Oppositions) وەک (نێر و مێ،شارستانیەت و درندەیی، چاکە و خراپە هتد...) کە دریدا ڕەخنەی لێگرت چونکە بەلای ئەو دژایەتیانە بیری ڕۆژئاوایی پێکدەهێنن، کە ئەو دژایەتیانە هەرەمین و پلەبەندین، زاراوەیەک لەوەی تر بە بڵندتر دادەنێن. بۆیەش لەرێی ئەم تیۆرە هەوڵی دا کە ئەو دژایەتیە دوانیانە هەڵبوەشێنتەوە چونکە دروستکراون و ڕاستیان تێدا نیە، لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژی دروست بوون(Derrida, 1978, xv-7 ; Edkins, 2009,141). بۆ نمونە کە کۆلۆنالیزمەکان خۆیان بە شارستانی دادەنا و گەلانی ڕەسەنیان داگیر دەکرد بە سەرەتاییان دادەنان تا پاساو بە داگیرکاری بدەن(Spivak, 1999, 108-12). تایبەتمدندی دووەم لەم میتۆدی وێرانکردن ئەوەیە کە مانا واتە دەقی مێژوویی ناجێگیرە و هەمیشە دواخراوە، بۆیە ئەم چەمکە "جیاوازیە"، هەروەها هەمیشە چوارچێوە کلتوری و ئایدۆلۆژیەکان و ڕوانگەی مێژوونوس مانا دروست دەکەن، گێرانەوەی مێژوویی ڕاستی ڕەها نین(Derrida, 1976, 143-

58). لە کۆتایدا، تایبەتمەندیەکی تری ئەو تیۆرە ئەوەیە کە دەقەکان شل و نەرمن( Textual Fluidity) واتە دەگۆڕێن بە پێی لێکدانەوەی مێژوونوس، هەروەها دەقەکان پەیوەندیان هەیە (Intertextuality) دەبێت تێکەڵ بکرێن و دووبارە لێکبدرێنەوە تا مانایەکی نوێ دروست بکەن(Barthes, 1989, 60-71 ; Haberer, 2007, 56).

تیۆری وێرانکردن لێکدانەوە بۆ هێزی زمان لە مێژوونووسیدا دەکات، دێریدا گوتی زمان بێ لایەن نیە بەڵکو مانا و پەیوەندیەکانی دەستەڵات ڕێکدەخات، هەروەها لایەنگیری ئایدۆلۆژی و کلتوریەکان لەگەل ڕوانگەی مێژوونوس بەسەر گێرانەوەی مێژوویدا زاڵن(Derrida, 2001). بۆ نمونە، مێژوونوسی ناسیۆنالیستی کە مێژوویێکی یەکگرتوو دروست دەکەن، دەنگی کۆمەڵە چەوساوەکان کپ دەکەن وەک ئەوەی لە تورکیای نوێ ئەنجامدرا( Anderson, 2006, 214-18).

درێدا هەر لە ڕێی تیۆری وێرانکردن گریمانە مێژوویەکانی(Historical Assumptions) ڕەتکردەوە بە دوو ڕێگا. یەکەمیان، وێرانکردنی ڕاستی (Deconstructing Truth) کە ڕاستی مێژوویی بابەتی و جێگری وێرانکرد چونکە بەلای درێدا ڕاستی لە ڕێگای زمان و دەستەڵات و کلتور دروست کراوە، بۆیە دەبێ ڕاستی لەڕێگای کێبرکێی ڕوانگە مێژوویە جیاوازەکان بەدەست بێت(Derrida, 1994, 63-78 ; Derrida, 1975, 34). دووەمیان، وێرانکردنی بابەتی بوون(Deconstructing Objectivity) کە بێلایەنی و بابەتی بونی مێژوونوسی ڕەتکردەوە هەروەها گوتی گێڕانەوە مێژوویەکان بەهۆی لێکدانەوەی کەسی مێژوونوس( subjective constructions) دارێژراون و بێلایەن و بابەتی(objective) نین( White, 2014, 12 ; Jones, 2004, 43-45).

تیۆری وێرانکردنی درێدا بەشێوازێکی بەربڵاو لە گێرانەوە مێژویەکان بەکار هات وەک ئالەنگاریەک دژی مێژوونوسی نەریتی بە تایبەت لە مێژوونوسی دوای-کۆلۆنیاڵیزم کە ڕەوایی بە داگیرکاری(legitimize domination) دەدا، کە بە تیۆری وێرانکردن، 'دوانەیی دژیەک' ڕەتکرایەوە کە ئەوریپە داگیرکەرەکان شارستانی بن و چەکەکار بن، گەلانی داگیرکرویش وەک سست (Passive) و دواکەوتوو(backward) دابنرێن، بۆیە میتۆدی درێدا دژی هەژمونی کۆلۆنیاڵیزم وەستایەوە وێرانی کرد چونکە بە ئایدۆلۆژیای کۆلۆنیاڵیزم گرێ داوە و دەبێ سەر لەنوێ دابرێژرێتەوە(Bhabha, 1994, 112 ; Derrida, 2001). هەروەها میتۆدی ویرانکردن لە شیکردنەوەی شۆڕشی فەرەنساش بەکارهات، درێدا شۆڕش وەک ساتی ڕزگار بوون نابینێت، بەڵکو چەمکەکانی شۆڕشی فەرەنسی ئازدی و یەکسانی و برایەتی ( liberty, equality, and fraternity) ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەن چونکە بە وێرانکردنی زمانی شۆڕش دەردەکەوێ کە شۆڕشی فەرەنسی ژنان و پیاوانی نا خاوەن موڵکی پشتگوێخستوە(Baker, 1996, 203-7). هەر لە چوارچێوەی تیۆری وێرانکردن، درێدا باس لە شێتی و شارستانیەت(Madness and Civilization) دەکات، پێی وایە کە دژایەتی دوانەیی نیوان عەقڵ و شێتی (reason and madness) کە لە شیکاری دەرونی بەکار هاتوە سروشتی نیە بەڵکو وابەستەیە بە پەیوەندنی دەستەڵات چونکە زۆربەی کات شێتی بەکاردێت بۆ شاردنەوە و لەناوبردنی هەندێک شێوازی مەعریفە و ئەزمون لەلایەن دەستەڵاتەوە و بۆ پەراوێزخستنی ململانێ و ناکۆکیە(Derrida, 1978, 33-39 ; Foucault, 1988, ix-xii).

**2.2 میشێل فۆکۆ:**

میشێل فۆکۆ (١٩٢٦-١٩٨٤) کە سەرەتا بیرمەندێکی ڕەوتی پێکهاتەگەراکان بوو بەڵام دواتر بە ڕەخنەگرتن لە پێکهاتەگەراکان بوە بیرمەندێکی کاریگەر لە ڕەوتی دوای-پێکهاتەگەراکان کە لە بنچینەوە ڕوانگەکانی دەربارەی مێژوو دەستەڵات و مەعریفە دارشتەوە و کاریگەری بنەڕەتی لەسەر مێژوو، کۆمەڵناسی، زانستەمرۆڤایەتیەکان و فەلسەفە بەجێهێشت. دواتریش بە میتۆدی ڕەسەنناسی تەکانی دا بە تیۆری ڕەخنەیی و فەلسەفەی مێژوو( Macey, 2019, x-xxi ; Elden. 2018, 23).

دەستەڵات و مەعریفە کاریگەرترین چەمکی فۆکۆیە کە پێی وایە دەستەڵات، مەعریفە دروست دەکات بە پێچەوانەی مێژوونوسی نەریتی کە مەعریفە وەک جیا لە دەستەڵات و بێلایەن دادەنرا.

فۆکۆ دەڵێ دەستەڵات بەرهەمهێنەری مەعریفەیە و بڵاوی دەکاتەوە، بۆیەش واقیع و ڕاستی بەرهەمی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی دەستەڵاتن( Foucault, 1995, 27 ; Foucault, 1980, 77-79). لە ڕوانگەی فۆکۆ دەستەڵات لە کۆمەڵگا بڵاوبۆتەوە تەنها لە یەک تاک یان دامەزراوەیەک قەتیس نابێت، بەڵکو لە ڕێگەی دامەزراوەکانی وەک زانکۆ، میدیا و بەڕێوەبردن و هتد... مەعریفە دروست دەکات(Goswami, 2014, 8-12).

جگە لەوەی دەستەڵات سەرکوتکارە(repressive)، لە هەمان کاتدا بەرهەمداریشە(productive) کە ناسنامە و تێڕاوانین و ڕەفتارمان دادەڕێژێت. هەروەها لەڕێگەی گوتارەوە مەعریفە دروست دەکات، سنوردادەنێت کە چی ئاساییە و چی قەدەغەکراو، لادان پێناسە دەکات و تاکەکان پۆلین دەکات. گێڕانەوەی مێژوویش بەهەمان شێوە دروست بوە(Foucault, 1978, 94-95). فۆکۆ نمونە بە گوتاری دەرونی (Psychiatric discourse) سەدەی نۆزدە دەهێنێتەوە کە هاورەگەزبازی بە نەخۆشی دەرونی داناوە و دەستی بەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی داگرتوە(سعد الله، ٢٠٠٧، ٢٦-٢٧ ,Turkel, 1990, 187; Foucault, 1978; 38-43).

فۆکۆ ڕێبازی ڕەسەناسی (genealogy) بەکارهێنا وەک ڕەخنە بەرامبەر مێژوویی ئامانجدار-مێژوو بەرەو ئامانجێکی پێشوەختەی دیاریکراو دەڕوات- (teleological history) و گێڕانەوەی هێلی (linear narratives). ڕێبازی ڕەسەناسی فۆکۆ بۆ دەرخستنی کردار و بیرۆکە و ڕووداو بوو لە دامەزراوەکان وەکو زیندان، هەروەها دژی مێژووی هەموەکی گشتگیر بوو، لە جیاتی ئەوە تیشکی خستە سەر ڕووداوی مێژووی مەعریفە و دەستەڵات، چونکە فۆکۆ پێی وابوو کە سیستەمی مەعریفە لەسەر بنەمای ڕاستی بابەتی دروست نەبوە بەڵکو لە پەیوەندیەکانی دەستەڵات دروست بوە(Foucault, 1977, 154-58 ; Carr, 2016, 128). بۆ نمونە، ڕەتی کردەوە زیندان لە پێشکەوتنی مرۆڤ سەریهەڵدابێت بۆ ڕێگری لادانی ڕەوشتی بەڵکو سەرەتای دروست بونی پەیوەستە بە سزای جەستەیی و ئەشکەنجەدان بەمەبەستی کۆنترۆڵ کردنی مرۆڤەکان لەلایەن دەستەڵاتەوە(Foucault, 1995, 7-10 ; Paden, 1984, 264).

لەڕێگەی شێوازی مەعریفە و دەستەڵات فۆکۆ دەرگای ڕەخنەی بەڕووی مێژوونوسی کردەوە، چونکە دەریخست گێڕانەوەی مێژوویی بێلایەن نیە بەڵکو دەستەڵات دروستی کردوە( Turkel, 1990, 178) ، بۆ نمونە پاساو هێنانەوە بۆ داگیرکاری کۆلۆنیاڵیزم(Said, 1979, 207-16) ، یاخوت لە تێڕوانین بۆ شێتی (madness) لە مێژووی نەخۆشیە دەرونیەکان کە سەرەتا وەک لەکەی کۆمەڵایەتی(social stigma) دەبینرا، دواتر گۆرا بۆ هەڵومەرجێکی پزیشکی، کە ئەمەش لەسەر بنەمای زانستی نەبوو بەڵکو گوتاری دەستەڵات ئەوەی گۆڕی وەک دەرکەوتنی



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

دامەزراوە دەرونیەکان. زیاتر لەمبارەوە، فۆکۆ هانی مێژوونوسانی دا کە ئەو گێڕانەوە مێژوویانە بدۆزنەوە کە پەراوێز خراون(Foucault, 1988, xiv -xix ; Leoni, 2013, 85-90).

لە ڕوانگەی فۆکۆ دەستەڵاتی ڕژێمی (disciplinary power) وەک شێوازەکانی پێش خۆی نیە بە توند و تیژی خۆی بسەپێنێت بەڵکو لەرێگەی دامەزراوەکانی وەک زیندان، نەخۆشخانە، خوێندنگە و سەربازی، هتد... ڕەفتاری تاکەکان ڕێکدەخات هەروها لەڕێگەی ڕێکخستن، ئاساییکردنەوە و چاودێری بەرێوەدەچێ، تا تاکەکان بەوجۆرە ڕەفتار دەکەن کە دەیەوێت(Foucault, 1995, 170-75 ; Rodriguez, 2025, 206). ئەم دەستەڵاتە ڕەفتارەکان ڕێکدەخات کە چی ئاساییە و چی لادانە لەرێگەی دامەزراوەکانی وەک کەنیسە و برێوەبردن، وەک ڕێکخستنی ڕەفتارە سێکسیەکان، هەروەها دەستەڵاتی ڕژێمی دامەزروەکانی بۆ پۆلینکردنی تاکەکان بەکار دەهێنێت وەکو خوێندگە و نەخۆشخانە وەکو (بەهرەمەند، کەمئەندام) تا دەستبەسەرداگرتن بەهێز بکات( Foucault, 1995, 77-86 ; Wood, 2016, 252).

میتۆدەکانی فۆکۆ کەریگەری بەرچاوی لەسەر مێژوونوسی هەبوو، پرسیاری ئەوەی دروستکرد کام مەعریفە ڕاستە لە کاتێکدا دەستەڵات خۆی مەعریفە دروست دەکات و ژێردەستەکان سەرکوت دەکات. لەوەش گرنگتر دەستەڵات چۆن ئیش لەسەر ئەرشیفەکان دەکات و کام بەڵگەنامە دەسڕێتەوە و کامەشی هەڵدەگرێت، هەروەها دامەزروەکانی دەستەڵات وەک مۆزەخانە و پرۆگرامی خوێندن چۆن گێڕانەوەی مێژوویی دروست دەکەن(Stoler, 2009, 46-52 ; Turkel, 1990, 190). بۆ نمونە تۆمارەکانی بەریتانیا ڕاپەڕینی جوتیارانی هیندستان بە یاخیبون (mutinies) ناوزەند کردوە نەک خەبات دژی کۆلۆنیالیزم(Dirks, 2001, 123).

**2.3 گیلز دیلۆز:**

گیلز دیلۆز(Gilles Deleuze) (1925-1995) کە فەیلەسوفێکی فەرەنسی بوو یەکێکە لە بیرمەندەکانی ڕەوتی دوای-پێکهاتە کە بە هاوکاری بیرمەند فێلیکس گواتاری(Félix Guattari) ڕوانگەیەکی ڕەخنەگری لەبارەی مێژوو، سیاسەت، فەلسەفە دەستەبەرکرد( Beckman, 2017, 15-27). میتۆدی دیلۆز لە مێژوونوسی بریتیە لە ڕەتکردنەوەی مێژووی نەریتی و گێڕانەوەی هێلی لە جیاتی ئەوە پشت دەبەستێ بە تیۆری فرەیی (multiplicity) و شاراوە(potential) و ئاڵۆزی(complexity)، واتە مێژوو لای ئەو هێلێکی ڕاست نیە کە ڕووداو دوای ڕووداو پێشبکەوێ، بەڵکو مێژوو زنجیرەیەک ڕووداوی گرنگ وکتوپڕن(contingencies)( Herzogenrath, 2011, 17-18 ; Pottage, 1998, 6-9).

دیلۆز لە میتۆدەکەی کە ناوی نا "هەژاری مێژووی هێلی"( poverty of historical linearity)، گێڕانەوەی مێژوویی هێلی ڕەتکردەوە لەسەر سێ بنەما. یەکەمیان، کات و پێشکەوتنی هێلی (Linear Time and Progression) کە پێشتر پێشکەوتنی مێژوویی وا دادەنرا کە ڕوداوەکان بەرەو کۆتاییێکی دیاری کراو پێشدەکەون وەک ڕێنسانس و مۆدێرنیتە، بەڵام دیلۆز گوتی مێژوو تۆڕێکی ئاڵۆزە کە پێک دێت لە هێزی دژبەیەک(contradictory)، فرە و پێکداهەڵچوو(overlap)، کە بەرەو خاڵی کۆتایی پێشوەختەی دیاریکراو ناچێت( Deleuze, 1987, 6-10 ; Voss, 2013, 199-205). دووەمیان، نابەردەوامی و دابڕان (Discontinuities and Ruptures) کە دیلۆز جەختی کردوەوە مێژوو زنجیرەیەک دابڕانە یان درز نەک گەشەسەندنی بەردەوام، کە ساتەکانی گۆڕانی مێژوویی لەلایەن ئەو درزانە دیاری دەکرێ(Grabes, 2005, 398). سێیەمیان، کاتی ناهێلی (Nonlinear Time)، بە

پێچەوانەی مێژوویی نەریتی کە کاتی وەکو پێشکەوتنی هێلی دەبینی، دیلۆز کاتی وەک جیهانی کاریگەری ئەگەرەکان (virtual realm of possibilities) دەبینی، کە بەپێی سەرهەڵدانی ڕووداوەکان دیاری دەکرێت (Herzogenrath, 2011, 21-25 ; Protevi, 2006, 20-25). بۆیەش مانوێل دیلاندا(Manuel DeLanda) دەڵێ ''دیلۆز کاتە مێژوویەکانی بە ناهێلی واتە ئاسۆیی(rhizomatic) بینیوە''(DeLanda, 2006, 3-13).

بەشێکی سەرەکی میتۆدی دیلۆز فرەیی ڕوداوەکان بوو (Multiplicity of Events)، کە دەیگوت ڕووداوی مێژوویی بە شێوازی تاک و پێشوەختەی حەتمی (inevitable) ڕونادات بەڵکو مێژوو لە چەندین گێڕانەوە، هێز و ڕووداو پێک دێت کە یەکتر دەبڕن و پێکداهەڵدەچن، واتە لە ڕوانگەی جیاواز لە مێژوو تێبگەین(Luzar, 2019, 2-6).

ڕوانگەی سەرەکی دیلۆز بیرۆکەی "بوونە بە" یان دەبێتە (Becoming)واتە پرۆسەی گۆڕانکاری مێژوویی، بە پێچەوانەی مێژوویی نەریتی کە باوەڕی بە بوون (being) هەیە بە واتای ڕاستیە مێژوویە جێگیرەکان. لای دیلۆز مێژوو پرۆسەی پەرەسەندن و دەرکەوتنە( process of unfolding) لە ئاکامی ئەگەرە نوێکان، هەروەها مێژوو بە کۆتایی نەبەستراوەتەوە بەڵکو پەیوەستە بە بوون و بەردەوامی، داهاتوش هەمیشە شاراوە و پڕ گۆڕانکاریە( Colebrook, 2002, xv-xlii ; Massumi,1996,395). کلێر کۆڵبروک دەڵی ''دیلۆز چاوی مێژوونووس لەسەر ئەوەی ڕوویداوە لابرد، بۆ چۆنیەتی ڕوودانی ڕووداوەکان''(Colebrook, 2002, 93). نێگریش دەڵێ لە ئاکامی میتۆدی 'بوون بە' ڕێبازی مێژوویی گۆڕا بۆ تیشکخستنە سەر پرۆسەی مێژوویی نەک ڕووداوەکان(Negri, 2008, 75-92).

دیلۆز ڕێگایەکی نوێی گرتەبەر بۆ مێژوونوسی کە جیاوزی کرد لەنێوان مەجازی-شاراوە( virtual potentialities)) هەروەها ڕاستەقینە(actual) (ڕووداوە بەدیهاتووەکان). دیلۆز دەڵێ مەجازی کایەی ئەگەرەکانە پەیوەستە بە کارلێکی نێوان ڕووداوەکان، هێزەکۆمەڵایەتیەکان و تاکەکان. بۆیەش دیارکردنی پێشوەختە-(حەتمیەت) لە مێژوو ڕەتدەکاتەوە، بەڵکو مێژوو پەیوەستە بە کارلێکی بیرۆکە، هێز و کرداری جۆراوجۆر کە بەستراونەتەوە بە ڕووداوی مێژوویی کتوپڕ (Historical Contingency)( Smith, 2009, 34 ; Li, 2023, 66). دیلۆز دەیەوێ لەڕێگەی مێژووی جێگرەوەوە(alternative histories) گێڕانەوەی مێژوویی دروست بکات چونکە مێژوو لای دیلۆز جێگیر و کۆتایی نیە بەڵکو مێژوو پرۆسەیەکی گۆڕانی بەردەوامە و لە ئەنجامی کارلێکی ئاڵۆزی نێوان ئەیدۆلۆژیا، بارودۆخی مادی، تاک و گوریپەکان دروست دەبێت(Pottage, 1998, 6-9). وەک مێژوونوس جۆن ڕاجچمان دەڵێ ''میتۆدی دیلۆز دەیەوێ تیشکبخەینەسەر نەک تەنها ئەوەی کە هەبووە، بەڵکو ئەوەی کە ڕەنگە بووبێت''(Rajchman, 2000, 94-106).

**2.4 ژان بۆدریلارد:**

ژان بۆدریلارد (Jean Baudrillard) (١٩٢٩-٢٠٠٧) کۆمەڵناس و فەیلەسوف و ڕەخنەگری کولتووری فەرەنسی یەکێکی ترە لە بیرمەندانی دوای-پێکهاتەگەرایی کە کاری لەسەر نوێنەرایەتی مێژوویی درۆ (simulacra) و گەورەکردنی واقیع (hyperreality) کردوە، کە دژی گێڕانەوەی مێژوویی نەریتی وەستایەوە لە چوارچێوەی میدیا و کلتوری هاوچەرخدا لەسەردەمی وەچەخستنەوەی دیجیتاڵی (digital reproduction)( Baudrillard, 2001, 1 ; Scott, 2007, 14-17).


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

بۆدریلارد لە تیۆری نوێنەرایەتی درۆ و نوێنەرایەتی مێژوویی (Historical Representation) دەڵێ ئەو گێڕانەوە مێژووییانەی کە لەبەر دەستن دروست کراون و نمایندەی ڕابردوو ناکەن، بەڵکو دروستکراون تا خزمەت بە ئایدۆلۆژیایەک، لایەنێکی سیاسی یان کلتوری بکەن، بۆیە مێژوو ڕەنگدانەوەی ڕابردوو نیە و ڕاستی ونبوە کە بۆدریلارد ناوی ناوە ڕوخانی ڕاستی ( The Collapse of the Real)(Baudrillard, 1994, 1-6 ; Wolny, 2017, 77 ). سیموکراس (نوێنەرایەتی درۆ) جیاوازی نێوان واقیع و نوینەرایەتی لەناودەبات هەروەها کۆی نیشانە و هێما و وێنە و میدیا ڕووی ڕاستی ڕووداوەکان دەشارێتەوە، لە جیاتی ئەوە واقیعێکی گەورەکراو یان داتاشراو دروستدەکەن، بەمەش ناتوانرێ واقیعە دروستکراوەکە یاخوت داتاشراوەکە(simulate) جیابکرێنەوە. لە ڕوانگەی بۆدریلارد ئەمە ڕەنگدانەوەی درێژدەبێتەوە بۆ چۆنیەتی نیشاندان و نوێنەرایەتیکردنی ڕووداوە مێژوویەکان لە میدیای مۆدێرن، بۆیەش نوێنەرایەتی درۆ زاڵ دەبێت، هەروەها گێڕانەوە مێژوویەکان مانا لە دەست دەدەن و ڕاستی و خەیاڵ، واقیع و نوێنەرایەتی تێکەڵ دەبن( Baudrillard, 1994, 4-15 ; Edkins, 2009, 50-60 ; Baudrillard, 1983, 1-3).

بۆدریلارد چوار ڕیزبەندی بۆ نوێنەرایەتی و شیکردنەوەی گوتاری مێژوویی دەکات. یەکەم، نوێنەرایەتی باش کە دان بە ڕاستی و واقیع دەنێت. دووەم، نوێنەرایەتی شێواو(distorted) کە بە ئایدۆلۆژی کاردەکات. سێیەم، نوێنەرایەتی دمامکدار بۆ شاردنەوەی ڕاستی. لە کۆتایدا، نوێنەرایەتی درۆ(simulacrum) کە هیچ پەیوەندنی بە واقیع نیە، کە بۆدریلارد پێی وایە گێڕانەوەی مێژوویی زیاتر دەکەوێتە خانەی چوارەم( Baudrillard, 1994, 6-18 ; Hegarty, 2004, 50). مێژوونووس فرانک ئەنکەرسمیت (Frank Ankersmit) دەڵێ ''گێڕانەوەی مێژوویی زۆربەی کات لە ڕێزبەندی چوارەمی بۆدریلارددا دروست دەکرێن'' (Ankersmit, 2005, 207). بۆ نمونە، فیلمە مێژوویەکانی هۆلیود کە گێرانەوەی مێژویی دوور لە واقیعن(Rosenstone, 2013, xiv).

لە تیۆری داتاشینی واقیع (hyperreality) بۆدریلارد ئاماژە دەکات بە دروستکردنی ڕاستی مێژوویی (The Construction of Historical Truths) کە لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکان لە ڕێگەی ڕیکلام و میدیا و گێڕانەوە کلتوریەکان بەرهەم دێت، بۆیەش مێژوو لە جیهانی هاوچەرخدا واقیعی خۆی لەدەست دەدات چونکە فیلم، پرۆگرامی خوێندن، میدیا و کلتوری باو دەبنە نێوەندگیر و نوێنەرایەتی مێژوو دەکەن کە زۆربەی کات یان ڕووداوی ئاڵۆزی مێژوویی گەورە دەکەن یان بچوکی دەکەنەوە و دەیشێوێنن دەیانگۆڕن بۆ گێڕانەوەی بەکارهێنراو کە خەڵک حەزی لێبکات کە بە هیچ شێووەیەک نمایندەی ڕابردوو ناکات( Wolny, 2017, 76 ; Luke, 1991, 349-52). بۆدریلارد نمونە وێناکردنی ڕووداوەمێژوویەکان لە میدیا دەهێنتەوە کە وێناکردنی جەنگ لە فیلم واقیعی توندوتیژی و ئازار دەشێوێنێت دەیکات بە کارێکی چێژبەخش کە کورتی دەکاتەوە لە وێنەی ئازایی و قارەمانی بۆ خزمەت بە لایەنی ئایدۆلۆجی یان سیاسی وەک شەڕی ناوەخۆی ئەمەریکا(Edkins, 2009, 60 ; Kellner, 2002, 50). زانای میدیایی دۆگلاس کێلنەر(Douglas Kellner) پشتگیری کردوە و دەڵێ میدیا گێڕانەوەی مێژوویی دروست دەکات لە ڕێگای بەرنامە مێژوویەکان لە تەلەفزیۆن و یاریە ڤیدیۆیەکانی جەنگ(Kellner, 2020, 270-75 ; Kellner, 2006, 1-5).

بۆدریلار میتۆدەکەی ئاشکراکردنی ڕۆڵی میدیا بوو لە گێڕانەوەی مێژوویی لەسەردەمی دیجیتاڵی هاوچەرخدا کە ڕوداوی مێژویی تەنها لە کتێب و ئەرشێف تۆمار ناکرێن بەڵکو لە ڕێگای فیلم و

تەلەفزیۆن و ڕێگای تری ئۆنلاین خەڵک دەیانبینێت، کێشەکەش ئەوەیە نوێنەرایەتی میدیا بۆ مێژوو بەرژەوەندی ئایدۆلۆژیا، بازرگانی و سیاسی لە پشتە کە سڵ ناکاتەوە لە شێواندنی ئەو ڕووداوانە. بۆ نمونە کە تەلەفزیۆن درامایەکی مێژوویی پەخش دەکات ڕووداوەکە ئاسان دەکاتەوە یان ڕۆمانسی دەکات کە ڕەنگە دوور بێ لە ڕوداوە ڕاستیەکە کە ئەوەش تێگەیشتمان بۆ ڕابردوو بە هەڵە دروست دەکات و خەیاڵی بە کۆمەڵ لە بارەی ڕابردوو دروست دەکات(Luke, 1991, 349-52 ; Bishop, 2009, 18-23).

بۆدریلارد نوێنەرایەتی میدیا بۆ مێژوو ناو دەنێ کۆتایی مێژوو (End of History) لەبەرئەوەی تەکنەلۆژیا کە هەم مێژوو دەپارێزێت هەم دەیشێوێنێت کە لەبیرچونەوەی دیجیتاڵیە ( Digital forgetting - Amnesia)( Baudrillard, 1994, 22-32 ; Baudrillard, 2015, 4 ; Mayer, 2009, 193-94). ئەوە جگە لەوەی کە تەکنەلۆژیا و میدیا سیستەمێکی ئۆتۆماتیکی دروست دەکەن بۆ تێگەیشتنمان لە مێژوو کە هەندێ ڕووداو گەورە دەکەن بەسەر ئەوانی تردا کە مێژونوس بیر (David Beer) ئەوەی ناوناوە دیاریکردنی یان بڕیاردان ئەلگۆریزمی (Algorithmic Determinism) بەبێ ئەوەی مێژووی ڕاستی بێت(Beer, 2016, 2-7).

بۆدریلارد لە تیۆری گەورەکردنی واقیع سەرنج دەخاتە سەر ساختەکردنی مێژوو بە هۆی میدیا، کە چێنسی ناوی ناوە پێداچونەوەی ساختە (Deepfake Revisionism)،( Chesney, 2019, 1769). هەڕەشەی سەرهەڵدانی ساختەکارییە مێژووییەکانی بەشێوەی ئۆنلاین کە نموونەی هۆشداریی بۆدریلاردە سەبارەت بە جێگرتنەوەی گەورەکردنی واقیع لە تێگەیشتنی مێژوویدا(Ibid, 1757). هەروەها دواتر ئەم تیۆرە کاریگەری هەبوو لەسەر پرۆژەکانی زانستەمرۆیە دیجیتاڵیەکان (Digital humanities project) کە مێژووی بە تۆڕێکی ئاڵۆز دانا نەک پێشکەوتنی هێڵی(Drucker, 2021, 86-101). هاندەریش بوو بۆ توێژینەوە لە بەرهەمێنانی یادەوەریەکان(memorial) بۆ دروستکردن مانای مێژویی(Nora, 1996, 233-39).

**تەوەری سێیەم: کاریگەری دوای-پێکهاتەگەرایی لەسەر میتۆدی مێژوونوسی :**

دوای-پێکهاتەگەرایی کاریگەری بەرچاوی لەسەر زۆر بواری مێژوونوسی هاوچەرخ هەبوو، لە سەروی هەموویان وەچەرخانی دیجیتاڵی(Digital Turn). لە جیهانی هاوچەرخ ئامرازە تەکنەلۆژیەکان وەک زانیاریە ئۆنلاینەکان(سەرهێل)، ئەرشیفی دیجیتاڵی و بەڵگەنامەی مێژوویی وەک ڕێگای نوێ دەرکەوتن لە نوێنەرایەتی مەعریفەی مێژوویی. بەڵام دوای-پێکهاتەگەراکان ئەرشیفی دیجیتاڵی وەک سەرچاوەی بێلایەن نابینن، بەڵکو لەڕووی ئایدۆلۆژی، تەکنەلۆژی، کلتوری و سیاسی بەشێکن لە پێکهاتەی ئەوانەی بڵاویان دەکەنەوە و ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی دەستەڵاتن( Tredinnick, 2007, 181-83 ; Millard, 2023, 156-59). وەک دێریدا لە کتێبی تای ئەرشیفدا گوتویەتی، "ئەرشیفەکان ڕەنگدانەوەی لایەنگرییەکانی ئەو کەسانەن کە دروستیان دەکەن و پۆلێنیان دەکەن"( Derrida, 1996, 17). هەر ئەوانەش کە بەڵگەنامەکان بە دیجیتاڵی دەکەن بڕیاردەدن کە چۆن گێڕانەوەی مێژوویی دروست بکەن(Manoff, 2004, 11).

دوای-پێکهاتەگەرایی دژی بە ئەلکترۆنی کردنی داتا نیە بەڵکو دژی ئەوەیە کە ڕاستی بشێوێنن، چونکە داتای ئۆنلاین ئاسانکاری زۆر دەکات بۆ مێژوونوسان بەڵام دەبێ مێژوونوس ئاگاداری لایەنگیری ئەو داتایانە بن، هەروەها مێژوونوس دەبێت شیکاری شێوازەکانی زمان بکەن لەناو بەڵگەنامەکاندا تا چوارچێوە کلتوری و ئایدۆلۆژیەکان بدۆزنەوە(Barthes, 2002, 5-6).

ئارمیتاگ دەڵێت مێژوونوس دەبێت ڕەخنەگرانە لەو داتا و ئەلگۆریزمانە بڕوانێت( Guldi, 2014, 103-13).

دوای-پێکهاتەگەرایی هاوتەریبە لەگەڵ مێژووی دیجیتاڵی سەبارەت بە ڕەتکردنەوەی مێژووی ناهێلی، لە بڕی ئەوە ڕێگاخۆشدەکەن بۆ تۆڕێ گەورەی زانیاری (hypertextual) کە هەموو بەڵگەنامەکان بەردەستن و بەیەکدی بەستراونەتەوە تا مێژوێکی فرەڕەنگ بخەنەڕوو( Lyotard, 1984, 37 ; Tredinnick, 2007, 169). پرۆژەکانی وەک کتێبخانەی گشتی دیجیتاڵی ئەمریکا (DPLA) و کۆمەڵە ئۆنلاینەکانی کتێبخانەی بەریتانی نمونەی بەرچاوی ئەو شێوازەن کە سەرجەم دەق و بەڵگەنامە و وێنە و ڤیدیۆ، هتد... دەخەنە بەردەم توێژەران کە بەیەکەوە بەستراون بەپێی بابەتە مێژوویە پەیوەندیدارەکان( Rosenzweig, 1993, 36-39 ; Crane, 2016).

دوای-پێکهاتەگەراکان جیاوازی دەکەن لەنێوان ئەرشیفی ئاسایی کە لەڕێگای پۆلینکردن مانای مێژوویی دروست دەکەن، بەڵام ئەرشیفی دیجیتاڵی لەڕێگای نەخشەدانان(design)، پاش داتا(metadata) و ئەلگۆریزمەوە نوێنەرایەتی مێژوویی دروست دەکات( Millard, 2023, 150-63 ; Radford, 2005, 76) ، وەک ئەوەی فۆکۆ کتێبی دسپلین و سزا دەڵێت دەستەڵات لەڕێگای پۆلینکردن خۆی بەسەر مەعریفەدا دەسەپێنێت( Foucoult, 1995, 194). بۆیەش دەبێ زۆر بە وریایی مامەڵە لەگەڵ ئەرشیفی دەیجیتاڵی بکرێت لە گێڕانەوەی مێژوویی(Drucker, 2014, 78).

دوای-پێکهاتەگەرایی وەرچەرخانی جیهانی(The Global Turn) لە مێژوودا دروست کرد چونکە چاوی مێژووی لەسەر نەتەوە لابرد، خستیە سەر سیستەمی جیهانی، بیرۆکە، پەیوەندی نێودەوڵەتی، ئاڵوگۆڕی کەلتوری، کۆچ و ڕەوتی ئایدۆلۆژی(Foucault, 1989, 11-13). کە ئەوەیان ناو نا ناناوەندی دەوڵەت-نەتەوە (Decentering the Nation-State)، بە ناوەندی کردنی تۆڕی گواستنەوە وەک بازرگانی، ئاڵوگۆڕی کەلتوری و کۆچ( Chakrabarty, 1992, 41-43 ; Mouzelis, 2010, 290-91). بۆ نمونە لە جیهانی ئەتڵەسی لەسەردەمی دۆزینەوەکان لە ئەفریقا (Age of Exploration)، دوای-پێکهاتەگەرایی تیشك دەخاتە سەر بازرگانی، کۆلێنیالیزم و کۆیلایەتی وەک دیاریدەی جیهانی نەک نەتەوەیی(Gilroy, 1993, 19). بەڵام دوای پێکهاتەگەرایی، جیهانگیری (Globalization) بە ڕاست نابینێ بەڵکو پرۆسەیەکە لە ئەنجامی پەیوەندیەکانی دەستەڵات، هەژمونی کلتوری، نا یەکسانی دروست بوە. بۆیەش جیهانگیری سودبەخش و گشتگیر نیە بەڵکو لەڕێگای گوتار پێکهاتەی دەستەڵاتی دەوڵەتە زلهێزەکان بەهێزتر دەبێت(Peters, 2003, 65). بۆ نمونە ئەم تیۆرە بنەمای کۆلۆنیاڵیزم ڕەتدەکاتەوە کە ئەرکێکی شارستانی بێت وەک ئیمپراتۆریەتی بەریتانی بەڵکو پێێ وایە کە پەیوەندیەکانی دەستەڵاتی جیهانی لە ڕێگای پلەبەندی ناسنامەی ڕەگەزی، سیاسی و کلتوری دروست بوون(Spivak, 1999, 56-59).

دوای پێکهاتەگەرایی زۆر بە وردی کاری لەسەر یادەوەری(Memory) و کۆستی دەرونیش(Trauma) کردوە. لە ڕوانگەی دوای-پێکهاتەگەرایی یادەوەری تۆمارێکی زانستی نیە بەڵکو دیاریدەیەکی کۆمەڵایەتیە هەروەها ڕەنگدانەوەی ڕابردوو نیە بەڵکو لە ئەنجامی پەیوەندیەکانی دەستەڵات و ئایدۆلۆژیا و بنچینە کلتوریەکان دروست بوە، تەنانەت هێزە کلتوری و سیاسیەکان یادەوەری بە کۆمەڵ دروست دەکەن، واتە یادەوەری بە کۆمەڵ پەیوەستە بەبارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێستاوە کە دەبێ مێژوونوسان شیکاری ئەوە بکەن کە چۆن

یادەوەری بە کۆمەڵ لەلایەن سیاسەت و میدیا و گوتار دروست دەکرێت( Foucault, 1989, 124 ; Nora, 1996, 7-8 ; Kellner, 2006, 15-16). هەروەک پیێر نۆرا دەڵێت، "بیرەوەری ژیانە، هەمیشە لەلایەن خەڵکە زیندووەکانەوە هەڵدەگیرێت''(Nora, 1996, 8).
کۆستی دەرونی (Trauma) و زەبر و زەنگی بە کۆمەڵ وەک جەنگ، داگیرکاری و جینۆساید لە دیدی دوای-پێکهاتەگەراکان ئەزمونێکی تاکەکەسی نیە، بە پێچەوانەوە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووریە، هەروەها پێکهاتەی دەستەڵات ڕێگاکانی گێرانەوەی کۆستی دەرونی بە کۆمەڵ دادەڕێژن، بۆیەش ئەم گێرانەوەی زەبرو زەنگە دەتوانێ یان ببێتە هۆکارێکی چارەسەر، یان دابەشبوون لەناو نەتەوە و کۆمەڵگاکاندا(Davis, 2020, 91-99). بۆ نمونە لە جینۆسایدی هۆلۆکۆست چۆن فیلم، پرۆگرامی خوێندن و مۆزەخانە یادەوەری جینۆساید دروست دەکەن(Young, 2008, 358-62)، بە پێچەوانەوە لە بابەتی کۆیلایەتی و ئاپارتاید گوتاری گشتی هەندێک گێرانەوە گەورە دەکات، هەندێکیش دەشارێتەوە(Trouillot, 1995, 73). کەواتە نوێنەرایەتی یادەوەری کاریگەری لەسەر هۆشیاری نەتەوەیی و ناسنامەی بە کۆمەڵ هەیە.
لەگەڵ ئەوەی دوای-پێکهاتەگەرایی دژی میتۆدی مێژووی نەریتی وەستایەوە، بەشداریشی کردوە لە پەرەپێدانی ئاراستە نوێکانی شیکاری مێژوونوسی وەک مێژووی کەلتوری، مێژووی بچوک-وردە مێژوو (مایکرۆمێژوو) و مێژووی ژینگەیی کە پشت دەبەستن بەهۆکارە کۆمەڵایەتی و کلتوریەکان(Derrida, 1978, 78-82 ; Mouzelis, 2010, 293).
دوای-پێکهاتەگەراکان رۆڵی بەرچاویان لەسەر دەرکەوتنی مێژوونوسی کەلتوری( Cultural History) هەبوو، کە جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەو هێزی ئایدۆلۆژی و هێمایانەی کە ڕووداوی مێژوویی دروست دەکەن، هەروەها نوێنەرایەتی کەلتوری وەک داب و نەریت، ئایدلۆژیا، هونەر و ئەدەب هتد... ڕاستی مێژوویی بەرهەم دێنن، لەگەڵ ئەوەشدا زمان، هێما و ماناکان پێکهاتەی سەرەکی مێژوون(Arac, 1995, 112-13). هەر لەژێر کاریگەری دوای-پێکهاتەگەراکان، مێژوونوسانی کەلتوری وایدەبینن کە ناسنامەی نەتەوەیی لە ڕێگای گێڕانەوە، هێما و زمان دروست دەبێت، هەر بۆیەش مێژووی کەلتوری ناسنامەی نەتەوەیی بە پێکهاتەیەکی شل دەبینێ نەک جێگیر و سروشتی(Anderson, 2006, 6).
مێژووی بچوک (Microhistory) کە لە ژیانی خەڵکانی ئاسایی و تاکەکان دەکۆڵێتەوە بۆ دۆزینەوەی پێکهاتە کۆمەڵایەتیە فراوانەکان(Ginzburg, 2013, xii) ، لە ژێر کاریگەری دوای-پێکهاتەگەرایی دابوو چونکە دوای-پێکهاتە کار لەسەر ناوچەیی (locality)، خودێتی و لێکدانەوەی کەسی (subjectivity) و دەزگا(agency) دەکات، کە هاوتەریبە لەگەڵ مێژووی بچوک کە ڕۆڵی کرداری تاکەکەسی و مرۆڤە ئاسایەکان لە داڕشتنی کولتور، سیاسی و کۆمەڵایەتی لەبەر چاو دەگرێت وەک گێڕانەوەیەکی گەورە( Levi, 1988, 97-99 ; Magnússon, 2013, 133-34). بۆ نمونە دادگایی کردنی جوتیارێکی ئاسایی کە ئەزمونێکی تاکەکەسیە، نیشاندەری گێڕانەوەیەکی گەورەیە لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، دەستەڵات و دادپەروەری.
دوای-پێکهاتەگەرایی کاریگەری لەسەر مێژووی ژینگەش(Environmental History) هەیە بەوەی کە ژینگە و کەلتور وابەستەن و لەیەکتری جیاناکرێنەوە هەروەها لایەنی کۆمەڵایەتی کاریگەری فراوانی لەسەر پرسە ژینگەیەکان هەیە، تەنەنات ڕووداوی مێژوویش لە پەیوەندی ژینگە و مرۆڤ دروست دەبێت(Woodward, 2009, 396). بۆ نمونە مێژوونوسانی ژینگەیی

باس لە بردنی سەرچاوە سروشتیەکان دەکەن لەلایەن وڵاتانی زلهێزی کۆلۆنیاڵیزم و پشتگوێخستنی گەلانی ڕەسەن کە لە ژێر کاریگەری تیۆری دوای-پێکهاتەگەراییە(Grove, 1996, 7-11).

**تەوەری چوارەم: میتۆدەکانی دوای پێکهاتەگەرایی:**

لە مێژوونوسی دوای پێکهاتەگەرایی چەندین میتۆدی جیاواز و نوێ بەکارهێنران بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی مێژوویی. لە گرنگترین میتۆد تیۆری وێرانکردنە(Deconstruction) کە دریدا خاوەنیەتی، پشتی دەبەستێ بە شیکردنەوەی دەق و ڕەتکردنەوەی دوانەیە دژیەکەکان(شارستانی و بەربەری)، کە جەختی کردەوە ئەو پلەبەندیە دارێژراوە و سورشتی نیە( Derrida, 1978, x ; Kates, 2005, xv-xxiv). بۆ نمونە ئەو میتۆدە لە هەڵوەشاندنەوەی مێژووی کۆلۆنیاڵیزم بەکارهات دژی گێڕانەوەی ئەوروپا سەنتەری( Derrida, 1976, 107).

فۆکۆ کە میتۆدی شیکاری گوتاری(Discourse Analysis) داهێنا بە لێکدانەوەی ڕۆڵی پێکهاتەکانی دەستەڵات لە دارشتنی مەعریفەی مێژوویی لەرێگای شیکردنەوەی زمان، ئەرشیف و دامەزراوەکان(Foucault, 1989, 31-39). فۆکۆ نمونە بە سەدەی نۆزدەهەم دەهێنێتەوە کە شێتی وەک جۆرێکی کۆمەڵایەتی پۆلینکراوە(Ibid, 16). هەروەها فۆکۆ شێوازی ڕەسەنناسی (Genealogy) داهێنا کە دوپاتیکردەوە ڕووداو مێژوویی گشتگیر و جیهانی نیە بەڵکو بەرهەمی پەیوەندی و ململانێی دەستەڵاتن کە لەپشت چەمکەکانی وەک(دادپەروەری، سێکس، هتد...) ئاراستەدەکرێن( Foucault, 1977, 140-43 ; Foucault, 1995, 23-29 ; Foucault, 1978, 118-24). فۆکۆ نمونە بە گۆڕان لە ئەشکەنجە بۆ زیندان دەهێنێتەوە( Foucault, 1995, 7-10 ; Paden, 1984, 264). لە کۆتایدا، فۆکۆ بە شێوازی کێشەسازیش(Problematization) دەناسرێتەوە کە وردبونەوە لە "کێشە" لە سەردەمێکی دیاریکراوی مێژوویی، نمونە بە هاوڕەگەزبازی و تاوانکاری دەهێنتەوە کە لەهەر سەردەمێک بەجۆرێک پێوانەیان بۆ کراوە و تەنانەت باس لە وەچەرخانی سێکسیەت دەکات کە بۆتە پرسێکی پزیشکی و یاسایی(Foucault, 1978, 3-13 ; Frederiksen, 2015, 203-206).

دوای-پێکهاتە زۆر تیشک دەخاتە سەر دەق. بارتێس و کریستیڤیا شێووازی نێوان دەقەکان یان تێکەڵاوکردنی دەقیان(Intertextuality) داهێنا. کە شیکردنەوە بۆ دەقە مێژوویەکان دەکات وەک تۆڕێکی مانا بەیەکەوە بەستراو، بۆیە ناکرێ دەق لە یەک سەرچاوە وەربگیرێت. بۆ نمونە گێڕانەوەی جەنگی دووەمی جیهانی هەر یەک لە سۆڤیەت و ئەمەریکا و ئەڵمانیا دەبێ بەراورد بکرێن(Barthes, 2014, 141-45 ; Haberer, 2007, 55 ; Storey, 2013, 168-69).

میتۆدێکی تر لەم ڕەوتە دەقگەراییە(Textualism) کە دریدا هێنایە ئارا دواتر کاریگەری لەسەر داوای-مۆدێرنیتە کرد. دەقگەرایی وەک ئەدەب(literature) مامەڵە لەگەڵ مێژوو دەکات کە گێڕانەوەی مێژوویی وەک ڕەوانبێژی(rhetorical) دادەڕێژێت وەک خوزە (metaphor) یان گاڵتە و تەنز (irony)( Storey, 2013, 168-69 ; Callinicos, 1985, 95-98 ; Arac, 1995, 109-11).

شێوازێکی تر لەم ڕەوتە میتۆدی دژە-بنچینەیە یان جەوهەرگەرایی(Anti-Essentialism)، کە ئەم ڕەوتە کرۆک یان بنچینە (essences)ڕەتدەکاتەوە لە لێکدانەوەی مێژوویی وەک نەژاد، نەتەوە و چین و پرۆلیتاریا، چونکە ئەم ڕەوتە باوەڕی بە ناسنامە شل(fluid) و پێشبڕکێکار(contested) هەیە. بۆنمونە دریدا لە نێوان ساڵانی ١٨٧١ بۆ ١٩٤٥ نمونە بە



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

چۆنیەتی گۆڕانی ناسنامەی ئەڵمانی دەهێنێتەوە( Jagger, 1996, 196-98 ; Peet, 1992, 125-27).

دیلۆز و گوتەری میتۆدی شیکاری ڕیزۆماتیکی (Rhizomatic) داهێنا کە بریتی بوو لە ڕەتکردنەوەی گێڕانەوەی هێلی و ستونی بۆ مێژوو، چونکە دوای پێکهاتە باوەڕیان بە گێڕانەوەی ئاسۆیی و گشتگیر هەبوو بۆ مێژوو، کە بە ڕیزۆمی نا پلەبەندی (non-hierarchical) ناسراوە. بۆ نمونە شیکردنەوەی بۆ بڵاوبونەوەی بیرۆکەکان بە شێوازێکی چاوەڕنەکراو لە زۆربەی کەلتورەکان، یان لێکچونی سیستەمی فەرمانڕەوایی لە زۆربەی وڵاتەکان وەک کۆچەری(Nomad) بەرامبەر دەولەت(Goodley, 2007, 150 ; Kairienė, 2020, 106-11).

پێکهاتەگەراکان بە تایبەت درێدا شێوازێکی نوێیان داهێنا بۆ لێکدانەوەی زەبروزەنگی مێژوویی (historical trauma) کە پێی دەوترێ ڕاوناسی(Hauntology) بۆ توێژینەوە لە کاریگەری توندوتیژی کۆلۆنیالیزم و داگیرکاری لەسەر شوێنەوار و یادکردنەوە نیشتیمانیەکان لە کارگێڕی و یاسایدا(Van, 1999, 60-72 ; Olivier, 33-41). فۆکۆش لەسەر یادەوەری میتۆدێکی نوێ داهێنا کە دژە-یادگە(Counter-Memory) دەناسرێت، بۆ زیندوکردنەوە و گەڕاندنەوەی یادەوریە پەراوێزخراوەکان و سەرکوتکراوەکان لەلایەن دەستەڵات. بۆ نمونە مێژووی زارەکی لە کۆمەڵگا داگیرکراوەکان بەرامبەر بە ئەرشیفی دەوڵەت و کۆلۆنیالیزم، کە ناوی لێنراوە زانیاریە ژێردەستەکان(Subjugated knowledges)، کە سەرکوت دەکرێن لەلایەن گیرانەوەی باڵادەست(Foucault, 1977, 8).

مێژوونووسی سۆزداری(Affective Historiography) شێوازێکی ترە کە بەکار هاتوە لەم ڕەوتە بۆ ئاشکرکردنی پێگەی هەست و هۆش و ئەزمونی جەستەیی وەک هێزی مێژوویی کە ئەوە وەک پەرچەکردار بوو بەرامبەر مێژووی هۆشیاری-عەقڵانی(rationalist). بۆ نمونە لێکدانەوەی ئەو ترسەی کە سیاسەتی جەنگی ساردی دارشتوە، کە بە مێژووی نانوێنەرایەتیش دەناسرێت(Non-representational history)( Stewart, 2007, 7-18).

لە کۆتاییدا، درێدا بە میتۆدی جیاوازی (Différance) بەرگێکی نوێکرد بە بەر ڕەوتی دوای-پێکهاتەگەرایی، چونکە درێدا جیاوازی لە کاتی بوون-زەمان (Temporality) کرد کە مێژووی وەک ناهێلی دەبینی کە ماناکەی دواخراوە، نمونە بە ڕابردوو دێنێتەوە کە هەمیشە دووبارە لێکدەدرێتەوە. بەوپێیەش دووبارە سەر لەنوێ شیکاری بۆ دەقەکانی سەدەکانی ناوەڕاست کرا لە ڕێگەی تیۆری هەمەڕەنگی جێندەری(queer theory)( Derrida, 1976, lviii- lxxxvi ; Kirsch, 2020, 268-76).

**تەوەری پێنجەم: ڕەخنە لە دوای-پێکهاتەگەرایی:**

هەرچەندە دوای پێکهاتە وەک ڕەخنە و ئالەنگاری دروست بوو بەرامبەر مێژووی هێلی و گێڕانەوەی گەورە و مێژووی نەریتی، هەروەها بە دانانی بناغەیەکی نوێ بۆ مانا و جوڵەکانی دەستەڵات بەڵام دوای پێکهاتەگەراکان ڕوبەڕووی ڕەخنەی زۆر بونەوە.

ڕەخنەی سەرەکی کە لەم ڕەوتە گیرا ئەوەبوو کە تۆمەتبار کرا بە پوچگەرایی (Nihilism) و ڕێژەگەرایی (Relativism) چونکە ئەم ڕەوتە زۆر پێداگر بوو لەسەر ڕووداوە ڕاستیەکان (contingency of truth) نەک ڕاستیە ڕەهاکان(absolute truth) ، چونکە ڕەخنەگران پێیان وابوو کە ڕەتکردنەوە ڕاستی گشتگیر و بابەتی، دەبێتە هۆی تێکدانی بنچینە مەعریفیەکانی مێژوو، هەروها دەبێتە هۆی برەودان بە پوچگەرایی شاراوە(Potential Nihilism)( Rose,

(1991, 5-7 ; Peters, 2003, 62-69 ; Gill, 1984, 61). بۆ ئەمەش ڕەخنەگران دوو بەڵگە دەهێنەوە. یەکەمیان، گریمانەکانی دوای-پێکهاتەگەرایی کۆتایی بە ڕاستی و مانای مێژوویی دەهێنیت چونکە ئەگەر هەموو مێژوو ڕووداوی ئەگەری (contingent) بێت و دەستەڵات دایبڕێژێت ئەوا کۆی مێژوو دەبێتە پێکهاتەیەکی ئارەزووکاری (arbitrary) بەبێ هیچ پێوانەیەکی زانستی، کە لە ئەنجامدا مێژوو دەبێتە ئازادیەکی ڕێژەیی بۆ هەموان و هیچ گێڕانەوەیەک ڕەوایەتی نامێنێت(Gill, 1984, 84-92 ; Giddens, 1987, 196-97). ڕیچارد ج.ئیڤانس( Richard J. Evans) لە کتێبی بەرگریکردن لە مێژوودا بەتوندی دژی ڕێژەگەرایی توندڕەوی ( extreme relativism) دوای-پێکهاتەکان دەوەستێت و دەڵێ " دوای-پێکهاتەگەرایی هەڕەشەیە بە تواندنەوەی مێژوو لە ئۆقیانوسێک لە گێڕانەوەی کێبڕکێکار، کە هیچیان ناتوانن ڕاستی خۆیان بسەلمێنن"(Evans, 1997, 124-25). بۆ نمونە، ئەگەر هۆڵۆکۆست تەنها وەک پێکهاتەیەکی گوتاری لێکبدرێتەوە، نەک وەک ڕووداوێکی ئەزمونی ڕاستی، ئەوا دیواری جیاوازی نێوان (ڕاستی و دانپێنان) دەڕوخێت(Ibid, 125).
دووەمیان، داننەنان بە پێوەرە بابەتیەکان(Denial of Objective Standards) کە ڕەخنەگران لەم ڕەوتە پێیان وایە ناکرێ هەموو لێکدانەوە مێژوویەکان ڕاست بن چونکە ئەوە مێژوو پەکدەخات(paralyze) بەهۆی لابردنی پێوەرەکانی بڕیاردان، هەروەها ئارەزوی بابەتی مێژوویی (Desire for Objectivity) دەکوژێت و مەعریفەی مێژوویی بێ پشتگیری(untenable) دەمێنێتەوە(Peters, 2003, 60 ; Young, 1982, 6-8). زیاتر لەمبارەوە، دوای-پێکهاتەگەرایی بە دژیەکی ڕێژەگەرایی (Paradox of Relativism) تۆمەتبار دەکرێ چونکە لە کاتێکدا گومان دەخاتە سەر هەموو گێڕانەوە مێژوویەکان بەڵام ڕوانگەی خۆی بۆ مەعریفە و مێژوو پێ ڕاستە کە ئەوەش پارادۆکسە-دژیەکیە، چونکە دەبێ لێکدانەوەی خۆشیان ڕێژەیی بن، وەک ئەوەی کە کریستۆفەر نۆریس ئاماژەی پێداوە کە دوای پێکهاتەگەرایی لە کاتێکدا لێکدانەوەی خۆی وەک ڕاستی گشتگیر دەخاتەڕوو کەچی بانگەشەی ئەوە دەکات ڕاستی لە ڕووداوی ئەگەری دایە کە ئەمەش هاودژیەکی قوڵە( Norris, 1990, 139-46). لە کۆتایدا، یورگن هابەرماس ڕەخنەی لە پێکهاتەگەراکان گرتوە دەڵێ وازیان لە نمونەی ڕەخنەی ڕۆشنگەری عەقلانی هێناوە، هەروەها مەعریفەیان کەمکردۆتەوە بۆ پەیوەندیەکانی دەستەڵات(Habermas, 1998, 185-89).
ڕەخنەیەکی تر کە لە دوای-پێکهاتە گیراوە ئەوەیە کە مێژووی بابەتی-زانستی ( Historical Objectivity) ڕەتدەکاتەوە. دوای-پێکهاتەگەراکان دەڵێن لێکدانەوەی کەسی مێژوونوس (subjectivity) و گێڕانەوە دروستکراوەکان بەسەر مێژوو زاڵن، هەروەها هەموو مێژوو لەڕووی ئایدۆلۆژی دارێژراوە و هیچ مێژوونوسێک بێلایەن(Neutral Historians) نیە بەمەش ڕووبەڕووی ڕەخنە بووەوە بە تێکدانی بابەتیانەی مێژوو( Kellner, 1987, 3-4 ; Peters, 2003, 60). وەک گێرترود هیملفارب(Gertrude Himmelfarb) ئاماژەی بەوە داوە ‘‘دوای-پێکهاتەگەرایی جیاوازی ناکات لە نێوان ڕاستی و خەیاڵ''( Himmelfarb, 2004, 22). سەرەرای ئەوانەش دوای پێکهاتە جیاوازی ناکات لەنێوان هێڵی ڕاستیەکان و لێکدانەوەکان، ڕاستی هەمیشە بە گوتار گرێدەدات. بۆیەش مێژوونوس ئارسەر مارویک لە کتێبی سروشتی مێژوو دەڵێت دوای-پێکهاتەگەراکان ئەزمونیان پشتگوێ خستوە( Marwick, 1989, 295).

ڕەخنەیەکی تری بەرچاو ئەوەیە کە ئەم ڕەوتە دەزگای مێژوویی(Historical Agency) پشتگوێ دەخات، چونکە مرۆڤ(human agency) لە ڕووداوی مێژوویی بێ ڕۆڵ دەکات و تەنها تیشک دەخاتە سەر پێکهاتە فراوانەکان لە دارِشتنی ڕووداوەکان، بەمەش ڕووبەڕووی ڕەخنە بووەوە چونکە نکۆڵی لە دەزگای تاک(Individual Agency) و بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان دەکات(Carle, 2005, 309-17 ; Bleiker, 2003, 25-32). ڕەخنەگران ئەمە ناو دەنێن دەرهێنانی مرۆڤ لە مێژوو (Depersonalization of History) چونکە لەم ڕەوتە کرۆکی مێژوو بریتیە لە پێکهاتە، گوتار و دەستەڵات، بۆ نمونە کەسایەتیەکی وەک ناپلیۆن پۆناپارت وەک پاڵەوان نابینرێ بەڵکو وەک بەرهەمی هێزی سیاسی و ئایدۆلۆژی و کاریگەری هێزە گوتاریەکان دەبینرێت لە یاریەکی گەورەدا( Foucault, 1989, 48 ; Woodward, 2009, 400). بۆیەش ئی.پ. تۆمسن ڕوونیدەکاتەوە کە دوای-پێکهاتەگەرایی ڕۆڵی مرۆڤ وەک بکەری گۆڕانکاری لەناودەبات(Thompson, 1978, 147-53). زیاتر لەمبارەوە، ڕەخنە ئاراستەی دوای-پێکهاتەگەرایی دەکرێ بە تیشک خستنە سەر شلی مانا و دژایەتیە دوانەیەکان نکۆڵی لە دەزگایی بە کۆمەڵ(Collective Agency) و بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان دەکات. بۆ نمونە بزاڤی مەدەنی لە ئەمەریکا بە گۆڕانکاری گوتاری و گۆڕانی پەیوەندی دەستەڵات دەبینن نەک وەک هەوڵی بێوچانی چالاکوان و ڕێکخراوەکان( Bleiker, 2003, 25-32 ; Carle, 2005, 309-17). بۆیەش جوان سکۆت(Joan Wallach Scott) لە کتێبی ڕەگەز و سیاسەتی مێژوو دەڵێ "دوای-پێکهاتەگەرایی دەبێ دەزگای مرۆیی لەناو گوتاردا دابنێت نەک وەک نامۆ"(Scott, 2018, 54-56). لە کۆتایدا، ڕەخنەگران دەڵێن ئەگەر هەموو ماناکان جێگای گۆڕان بن ئەوا کردەوەی مرۆڤ ناتوانێ هیچ گۆڕانکاریەکی مێژوویی دروست بکات وەک ئەوەی دوای-پێکهاتەگەرایی شۆرشی فەڕەنسی وەک لێکەوتەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و مێژوویی دەبینێت نەک وەک شۆڕشێکی بە کۆمەڵی جەماوەری( Bernard, 2007, 4-8 ; Itkonen, 1988, 307-11).

ڕەخنەیەکی تری سەرەکی لە تیۆری وێرانکردنی دریدا گیراوە کە بۆ دارِشتنەوەی مێژوویی(historical reconstruction) ناگونجێت، کە بۆ ئەمەش دوو خاڵ دەخەنە ڕوو. یەکەمیان، تیۆری وێرانکردن تەنها پشت بە زمان و دەق دەبەستێت، بارودۆخی مادی و ڕووداوی مێژوویی لەبەرچاوناگرێت، هەروەها نەرمی و شلی مانا دەبێتە هۆی لەناوبردنی لایەنی ئەزمونی مێژوو(Nuyen, 1989, 28-33 ; Hall, 1991, 207-9). دریدا خۆی دەڵێت کە وێرانکردن بۆ شیکردنەوە دەق گونجاوە بەڵام بۆ مێژووی ئەزمونی ناشێت( Derrida, 1976, 158). بۆیە ئیڤانس لە کتێبی بەرگری کردن لە مێژوو دەڵێت مێژوونوس ئەرکی ئەوەیە کە ڕووداوەکان دروستبکاتەوە نەک تەنها دەقەکان لێکهەڵبوەشێنێتەوە(Evans, 1997, 124-25). دووەمیان، وێرانکردن بۆ شیکردنەوەی ڕوداو و گێڕانەوەی مێژوویی گرنگە بەڵام لایەنی ئەزمونی بۆ مێژوو دابین ناکات تا یارمەتی مێژوونوسان بدات ئالۆزیەکانی ڕابردوو پارچە پارچە بکەن و لێکدانەوەی بۆ بکەن. بۆیە هۆبسباوم دەڵێ وێرانکردن توانای پشتڕاستکرنەوەی ڕاستی(factual verification) یان شیکاری بێمەبەستی(causal analysis) نیە( Wheeler, 2000, 36-40 ; Somekh, 2005, 284-88). وێرانکردن لە شیکاری ئەدەب زۆر بە بەهایە بەڵام لە شیکاری مێژوویی سەرکەوتوو نیە چونکە مێژوو هەر لێکدانەوە نیە بەڵکو دۆزینەوەی ڕاستیە بە تێگەیشتن لە هۆکار و دەرئەنجامی ڕوووداوەکان. بۆیە وێرانکردن پێویستی بە چەندان سەرچاوە و بەڵگە هەیە کە ڕەنگە بۆ مێژوونوس بەردەست نەبن.

**دەرئەنجام:**

- ڕەوتی دواى-پێکهاتەگەرایی سەرلەبەری میتۆدی مێژوونوسی گۆڕی و بوە ئالەنگاریەک لەبەردەم مێژوونوسی نەریتی و گریمانە نەریتیەکانی بابەتیەت، ڕاستی مێژوویی و میتۆدی مێژوویی، چونکە دواى-پێکهاتەگەرایی تیشکی خستە سەر پەیوەندیەکانی دەستەڵات، گوتار و سروشتی بنچینەی مەعریفەی مێژوویی. هەربۆیەش بەلای دواى-پێکهاتەگەراکان مێژوو تۆمارێکی ڕوون و ئاشکرای ڕابردوو نیە، بەڵکو پرۆسەی دروستکردنی مانایە کە هێزە کۆمەڵایەتیەکان و زمان و دامەزراوەکانی دەستەڵات دایدەرێژن.

- بیرمەندانی تیۆری دواى-پێکهاتەگەرایی وەک دریدا، فۆکۆ، دیلۆز و بۆردیلارد چەندان میتۆدیان بەکارهێناوە بۆ شیکاری مێژویی، وەک میتۆدی وێرانکردن، دەستەڵات و **مەعریفە**، ڕەچەڵکناسی، کاتە مێژوویەکان و گەورەکردنی واقیع کە تا ئێستاش کاریگەریان بەردەوامە.

- دواى-پێکهاتەگەرایی کاریگەری ڕوونی لەسەر ڕەوتە مێژوویەکانی تر هەبوو وەک مێژوونوسی دواى-کۆلۆنیالیزم، توێژینەوەی یادەوەری، مێژووی دیجیتاڵی، مێژووی کلتوری و مێژووی فێمێنیست و جێندەری.

-هەرچەندە دواى-پێکهاتەگەرایی ڕووبەرووی ڕەخنە بۆتەوە و تۆمەتبار دەکرێ بە ڕێژەگەرایی و پوچگەرایی و هتد... بەڵام ناتوانن لە گرنگی ئەم تیۆرە کەمبکەنەوە لە کرداری مێژوویدا، چونکە دواى-پیکهاتەگەرایی بەیەکجاری واقیعی مێژوویی ڕەتناکاتەوە بەڵکو واقیعی مێژووی هەمیشە لەلایەن گوتار و دەستەڵاتەوە ئاراستە دەکرێت، بۆیەش مێژوونوسان دەبێت لایەنی ئاکاری و سیاسی نوسینی مێژوویی لەبەرچاوبگرن.

-دواى-پێکهاتەگەرایی وەک شیکارێکی ڕەخنەگرانە دەمێنێتەوە لە سەردەمێکدا کە یادەوەری مێژوویی، ناسنامە، مێژووی دیجیتاڵی و جیهانگیری لە ئارادایە، هەمیشە ئەوە دوپات دەکاتەوە کە مێژوو تەنها ڕابردوێکی ڕووت نیە، بەڵکو پرسیاری ئەوە دەکات کە چۆن ڕابردوو لە ئێستا ڕێکدەخرێتەوە بە جۆرێک بۆ داهاتوو سودی هەبێت.

**پەراوێزەکان:**

١-پێکهاتەگەرایی وەک ڕەوتیک لەسەرەتای سەدەی بیستەم لەسەر بنەمای تیۆری زمانەوانی فێردیناند دی سۆرسێر سەری هەڵدا، دواتر لە دواى جەنگی دووەمی جیهانی گەشەی کرد و پەڕیەوە بۆ مێژوو، تیشکی دەخستە سەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، زمان و کلتور وەک بنەمای سەرەکی بۆ شیکاری مێژوویی. بۆ زانیاری زیاتر (Koval'chenko, 1978, 3-11).

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

**ليستی سەرچاوەکان**

**سەرچاوە عەرەبیەکان:**

ريان، محمود (٢٠٢٣)، النقد النسوي وما بعد البنيوية، المجلة العربية لعلم الترجمة، ٢(٣)،١٩٣-٩٩.
سعد الله، محمد سالم (٢٠٠٧)، الأسس الفلسفية لنقد ما بعد البنيوية، ط١، دار الحوار، سوريا.

**سەرچاوە کوردیەکان:**

بەرزنجی، ئازاد. بونگەرایی، ڕێبازێکی فیکری و فەلسەفی، یەکەم، سەردەم، سلێمانی.
قەتووس، بەسام. (٢٠٢٣)، دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، وەرگێرانی: تاتانی، محمد، چاپی دووەم، چاپخانەی تاران، هەولێر .
کۆمەڵێ نوسەر. (٢٠١٦)، فۆکۆ فەیلەسوفی هۆڵی هەشتەم، چاپی یەکەم، سەردەم، سلێمانی .
میران، ڕەشاد. (٢٠٢١)، مرۆڤناسی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر .
میراودەلی، کەمال. (٢٠٢١)، ئارکیۆلۆجی فۆکۆ: فەلسەفەی زانین و دەستەڵات، چاپی دووەم، چاپخانەی مێخەک، سلێمانی.

سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی:

سەرچاوە ڕەسەنەکان:

Althusser, L. (2005). *For marx*. Vol. 2. London, Verso.
Barthes, R. (2002). *S/Z*. 7th ed. T: Richard Miller. Oxford, Blackwell.
Barthes, R. (2014). "The death of the author." In: Scott S. Elliott, Matthew Waggoner (ED), *Readings in the Theory of Religion*. 2nd Ed, New York, Routledge, 141-145.
Barthes, R. (1989).*The rustle of language*. 3rd ed. T: Richard Howard. California, Univ of California Press.
Baudrillard, J. (1994). *Simulacra and simulation*. T: Sheila Faria Glaser. Michigan, U of Michigan P.
Baudrillard, J. (2015). "Reversion of history." *CTheory. University of Victoria*, 4-15.
Baudrillard, J. (1983). *Simulations*. T: Paul Foss, Paul Patton, and Philip Beitchman. New York, Semiotext.
Baudrillard, J. (1994). *The illusion of the end*. 2nd ed. London, Polity Press.
Baudrillard, J. (2001). *Jean Baudrillard: selected writings*. Editor: Mark Poster. 2nd Ed. California, Stanford University Press.
Bhabha, H. K. (1994). The location of culture. 1st edition, New York, Routledge.
Butler, J. (1999). *Gender Trouble: Feminism and the Subversion of Identity*. 2nd ed. New York, Routledge.

Camus, A. (1954). *The Rebel*. T: Herbert Read. New York: Alfred A. Knopf.
Camus, A. (1955). *The myth of Sisyphus*. T: Justin O'Brien. Bright Summaries.
Camus. A. (1989). *The Stranger.* 3rd ed. T: Matthew Ward. New York: Vintage Books.
Chakrabarty, D. (1992). "Provincializing Europe: Postcoloniality and the critique of history." *Cultural studies*, 6(3), 337-357. https://doi.org/10.1080/09502389200490221
Deleuze, G., and Guattari, F. (1987), *A Thousand plateaus capitalism and schizophrenia*. 2nd ed. T: Brain Masumi. Minnesota, University of Minnesota Press.
Derrida, J, Willis, D., James H., Moshe R, (1975). "The Purveyor of Truth." *Yale French Studies*, (52), 31–113. https://doi.org/10.2307/2929747
Derrida, J. (1976). *Of grammatology*. 3rd ed. Maryland , Jhu Press.
Derrida, J. (1978). *Writing and difference*. Translation: Alan Bass. Chicago, University of Chicago Press.
Derrida, J. (1994). *Specters of Marx*. 2nd ed. T: Peggy Kamuf. New York, Routledge.
Derrida, J. (1996). "Remarks on Deconstruction and Pragmatism 1." In: Mouffe, C. (Ed), *Deconstruction and pragmatism*, New York, Routledge, 79-90.
Derrida, J. (2001). "A discussion with Jacques Derrida." *Theory & Event*, 5(1), https://dx.doi.org/10.1353/tae.2001.0004
Derrida, J. (1982). *Margins of philosophy*. 2nd ed. T: Alan Bass. Chicago, The Harvester Press.
Derrida, J. (1991). *Of spirit: Heidegger and the question*. 3rd ed. Chicago, University of Chicago Press.
Derrida, J. (1996). *Archive fever: A Freudian impression*.2nd Ed. T: Prenowiz, E., Chicago. University of Chicago Press.
Derrida, J. (2016). *Heidegger: The question of being and history*. Trans: Geoffery Bennington. Chicago, University of Chicago Press.
Derrida, J., and Houdebine, J-L.(1973). "Interview: Jacques Derrida." *Diacritics*, 3(1), 33-46. https://doi.org/10.2307/464590

Foucault, M. (1977). *Language counter-memory practice*. New York, Cornel university press.
Foucault, M. (1978). *The history of sexuality: An introduction*. volume I. T: Hurley, B., New York: Panthnon Books.
Foucault, M. (1980). *Power/knowledge: Selected interviews and other writings*. Ed: Colin Gorden. New York: Pantheon.
Foucault, M. (1988). *History of madness*. T: Richard Howard. New York, Vintage books.
Foucault, M. (1989). *Archaeology of knowledge*. 3rd ed. T: Sheridan, A. M., New York, Routledge.
Foucault, M. (1995). " *discipline & punish: The birth of the prison*." 2nd ed. T: Alan Sheridan. NewYork, Vintage Books.
Giddens, A. (1987). "Structuralism, post-structuralism." In:Giddens, A. (Ed), *Social theory today* 195. California, Stanford university press,196.
Ginzburg, C. (2013). *The cheese and the worms: The cosmos of a sixteenth-century miller*. Maryland, JHU Press.
Guha, R. (1997). *Dominance without hegemony: History and power in colonial India*. Massachusetts, Harvard University Press.
Habermas, J. (1998). *The philosophical discourse of modernity: Twelve lectures*. 6th ed. T: Frederick Lawrence. Cambridge, Polity press.
Lacan, J. (1999). *Ecrits: A selection*.2nd ed. New York, W. W. Norton & Company.
Lyotard, J.F. (1984). *The postmodern condition: a report on knowledge*. 2nd ed. Trans: Geoff Bennington. Manchester: Manchester University Press.
Said, E. W. (1979). Orientalism. New York, Vintage Books.
Sartre, J.-P. (2004). *Critique of Dialectical Reason: Theory of practical ensembles*. Vol. 1. 4TH Ed. T: Alan Sheridan. London, Verso.
Scott, J W. (1987). "Women's history and the rewriting of history." In: Farnham, C. (Ed), *The impact of feminist research in the academy*. Indiana, Indiana University press, 34-53.
Scott, J. W. (1983). "Women in History. The Modern Period." *Past & Present*, (101), 141–57.
Scott, J. W. (2018). *Gender and the Politics of History*. 2nd ed. New York, Columbia University Press.

Scott, J. (2007). *Fifty key sociologists: The contemporary theorists*. New York, Routledge.

Spivak, G. C. (2023). "Can the subaltern speak?." In: Peter H. & Mark H. (Ed), *Imperialism*, New York, Routledge, 171-219.

Spivak, G. C. (1999). *A critique of postcolonial reason: Toward a history of the vanishing present*. Massachusetts, Harvard university press.

Thompson, E. P. P. (1978). *Poverty of theory*. London, Merlin Press.

White, H. (2014). *Metahistory: The historical imagination in nineteenth-century Europe*. Maryland, JHU Press.

**Secondary books:**

Anderson, B. (2006). *Imagined communities: Reflections on the origin and spread of nationalism*. 3rd ed. London, Verso.

Anderson, B. (2006). *Imagined communities: Reflections on the origin and spread of nationalism*. 3rd ed. London, Verso.

Ankersmit, F. R. (2005). *Sublime historical experience*. California, Stanford University Press.

Baker, K. M. (1996). *Inventing the French Revolution: essays on French political culture in the eighteenth century*. 4th ed. Cambridge, Cambridge University Press.

Beckman, F. (2017). *Gilles Deleuze*. London, Reaktion Books.

Belsey, C. (2022). *Poststructuralism: A very short introduction*. Vol. 73. Oxford , Oxford University Press.

Bishop, R, ed. (2009), *Baudrillard now: current perspectives in Baudrillard studies*. London, Polity.

Charalambous, G. (2021). *The European radical left: Movements and parties since the 1960s*. London, Pluto Press.

Colebrook, C. (2002). *Understanding deleuze*. London, Allen & Unwin.

DeLanda, M. (2006). *A new Philosophy of Society*. London, Continuum.

Dirks, N. B. (2001). *Castes of mind: Colonialism and the making of modern India*. New Jersey, Princeton University Press.

Drucker, J. (2014). *Graphesis: Visual forms of knowledge production*. Massachusetts, Harvard university press.

Drucker, J. (2021). *The digital humanities coursebook: an introduction to digital methods for research and scholarship*. New York, Routledge.

Edkins, J., and Nick V., eds.(2009). *Critical theorists and international relations*. London: Routledge.

Evans, R. J. (1997). *In defence of history*. London, Granta Publications.
Gilroy, P. (1993). *The black Atlantic: Modernity and double consciousness*. Massachusetts, Harvard University Press.
Grabes, H, ed. (2005). *Literature, Literary History, and Cultural Memory*. Vol. 21. Tübingen, Gunter Narr Verlag.
Griffiths, M. (2007). *International relations theory for the twenty-first century*. New York, Routledge.
Grove, R. H. (1996). *Green imperialism: colonial expansion, tropical island Edens and the origins of environmentalism, 1600-1860*. Cambridge University Press.
Guldi, J., and David, A. (2014). *The history manifesto*. Cambridge University Press.
Hegarty, P. (2004). *Jean Baudrillard: live theory*. London, Continuum.
Herzogenrath, B, ed. (2011). *Time and history in Deleuze and Serres*. London, Bloomsbury Publishing.
Himmelfarb, G. (2004). *The new history and the old: Critical essays and reappraisals*. Massachusetts, Harvard University press.
Kates, J. (2005). *Essential history: Jacques Derrida and the development of deconstruction*. Illinois, Northwestern University Press.
Kellner, D. (2020). *Media culture: Cultural studies, identity, and politics in the contemporary moment*. 2nd Ed. New York, Routledge.
Lazarus, N. (2004). *The Cambridge companion to postcolonial literary studies*. Cambridge, Cambridge University Press.
Levi, G., and Lydia G. (1988). *Inheriting power: the story of an exorcist*. T: Lydia G. Cochrane. The University of Chicago Press.
Macey, D. (2019). *The Lives of Michel Foucault*. 3rd ed. London, Verso Books.
Magnússon, S. G., and István M. (2013). *What is microhistory?: Theory and practice*. Routledge.
Marwick, A. (1989). *The Nature of History*. London, Macmillan press.
Mayer-Schönberger, V. (2009). *Delete: The virtue of forgetting in the digital age*. New Jersy, Princeton University Press.
Negri, A, (2008). *Reflections on empire*. Cambridge, Polity,
Nora, P. (1996). *Realms of Memory: the construction of the French past*. Vol.1: Conflicts and divisions. New York, Columbia University Press.

Norris, C. (1990). *What's wrong with postmodernism?: Critical theory and the ends of philosophy*. Maryland, JHU Press.
Rajchman, J. (2000). *The deleuze connections*. Massachusetts, MIT press.
Rose, G. (1991). *Dialectic of nihilism: post-structuralism and law*. New Jersey, Wiley-Blackwell.
Rosenstone, R. A. (2013). *History on film/film on history*. 2nd ed. New York, Routledge.
Somekh, B. (2005). *Research methods in the social sciences*. Newcastle, Sage.
Stewart, K. (2007). Ordinary affects. North Carolina, Duke university press.
Stoler, A. L. (2009). *Along the archival grain: Epistemic anxieties and colonial common sense*. New Jersey, Princeton University Press.
Storey, J. (2013). *Cultural theory and popular culture: An introduction*.6th ed. Routledge.
Trouillot, M. (1995). *Silencing the past: Power and the production of history*. , Bosten, Beacon press.
Van, B. C. (1999). *Joyce, Derrida, Lacan and the Trauma of History: Reading, Narrative, and Postcolonialism*. Cambridge University Press.
Wheeler, S. C. (2000), *Deconstruction as analytic philosophy*. California, Stanford University Press.

**Articles:**

Arac, J. (1995). "Post-Structuralism and the Contexts of History." *American Studies*, 36(1), 105-114. https://www.jstor.org/stable/40643734
Beer, D. (2016). "The social power of algorithms." *Information, Communication & Society*, 20(1),1-13. https://doi.org/10.1080/1369118X.2016.1216147
Bernard E. H, (2007). ‘’An Answer to the Question: "What is Poststructuralism?", *University of Chicago Public Law Working Paper*, 156 https://scholarship.law.columbia.edu/faculty_scholarship/1466
Bleiker, R. (2003). "Discourse and human agency." *Contemporary Political Theory*, 2(1), 25-47. https://doi.org/10.1057/palgrave.cpt.9300073

Borgerson, J. (2005)."Judith Butler: on organizing subjectivities." The Sociological Review, 53(1), 63-79. https://doi.org/10.1111/j.1467-954X.2005.00541.x

Bowden, B. G. (2019), "Empiricism, epistemology and modern postmodernism: a critique." *Qualitative Research in Organizations and Management: An International Journal*, 14(4), 481-497. https://doi.org/10.1108/QROM-02-2019-1726

Busse, R. (2020). Against Metaphysical Structuralism: A Case Study on the Apriori Dimension within Inductive Metaphysics. *Grazer Philosophische Studien*, 98(1), 90-122. https://doi.org/10.1163/18756735-000097

Butler, J.(1993). "Poststructuralism and Postmarxism". *Diacritics*, 23(4), 3–11. https://doi.org/10.2307/465304

Calcagno, A. (2009). "Foucault and Derrida: The question of empowering and disempowering the author." *Human Studies*, 32(1), 33-51. https://doi.org/10.1007/s10746-009-9108-2

Callan, G, and James W. (2011). "A return to Jean-François Lyotard's discourse, figure." *Parrhesia*, 12(12), 41-51.

Callinicos, A. (1985). "Postmodernism, post-structuralism, post-Marxism?." *Theory, Culture & Society*, 2(3), 85-101. https://doi.org/10.1177/0263276485002003008

Caplan, J. (1989). "Postmodernism, poststructuralism, and deconstruction: Notes for historians." *Central European History*, 22(3-4), 260-278. https://doi.org/10.1017/S0008938900020483

Carle, S. D. (2005). "Theorizing agency." *Am. UL Rev(American University Law Review)*, (55), 307. https://ssrn.com/abstract=985324

Carr, D. (2016). "Husserl and Foucault on the historical apriori: teleological and anti-teleological views of history." *Continental Philosophy Review*, 49(1), 127-137. https://doi.org/10.1007/s11007-015-9362-0

Chesney, B., and Danielle, C. (2019). "Deep fakes: A looming challenge for privacy, democracy, and national security." *Calif. L. Rev*, 107, 1753. DOI: https://doi.org/10.15779/Z38RV0D15J

Darroch, M. (2008). ‘’Digital Multivocality and Embodied Language in Theatrical Space’’. *Intermédialités*, (12), 95-114. https://doi.org/10.7202/039233ar

Elden, S. (2018). "Do We Need a New Biography of Michel Foucault?." *American Book Review,* 39(2),12-23.
Frederiksen, K, Kirsten, L., and Kirsten, B. (2015), "Foucault's notion of problematization: A methodological discussion of the application of Foucault's later work to nursing research." *Nursing Inquiry,* 22(3), 202-209. https://doi.org/10.1111/nin.12094
Frye, B. J.(1986). "Post-Structuralism And The Teaching Of Composition." *Freshman English News*, 15(2), 2-21.
Gill, G. (1984). "Post-structuralism as ideology." *Arena,* 69, 60-96.
Goodley, D. (2007). "Becoming rhizomatic parents: Deleuze, Guattari and disabled babies." *Disability & Society,* 22(2), 145-160. https://doi.org/10.1080/09687590601141576
Goswami, S. (2014). "Michel Foucault: Structures of truth and power." *European Journal of Philosophical Research,* 1(1). 8-20. DOI: 10.13187/ejpr.2014.1.8
Haberer, A. (2007). "Intertextuality in theory and practice." *Literatūra,* 49(5), 54-67.
Hall, C. (1991). "Politics, Post-structuralism and Feminist History." *Gender & History,* 3(2), 204-210. https://doi.org/10.1111/j.1468-0424.1991.tb00125.x
Heller, T. C. (1984). "Structuralism and critique." *Stan. L. Rev,* 36(1-2), 127. https://doi.org/10.2307/1228682
Itkonen, E. (1988). "A critique of the'post-structuralist'conception of language.". *Semiotica,* 71(3-4), 305-320. https://doi.org/10.1515/semi.1988.71.3-4.305
Jagger, G. (1996). "Dancing with Derrida: Anti-essentialism and the politics of female subjectivity." *Journal of Gender Studies*, 5(2), 191-199. https://doi.org/10.1080/09589236.1996.9960642
Jenkins, K. (1991). *Rethinking history*. New York, Routledge.
Jones, C. (2005). "Practical deconstructivist feminist Marxist organization theory: Gayatri Chakravorty Spivak." *The Sociological Review,* 53(1), 228-244.
Kairienė, A. (2020), "The rhizomatic learning from a perspective of poststructuralism." *The Journal of Education, Culture, and Society,* 11(1), 102-115.

Kellner, D. (2006). "Jean Baudrillard after modernity: provocations on a provocateur and challenger." *International Journal of Baudrillard Studies*, 3(1), 1-32.

Kellner, H. (1987). "Narrativity in history: Post-structuralism and since." *History and Theory* 26(4), 1-29. https://doi.org/10.2307/2505042

Lamont, M. (1987)."How to become a dominant French philosopher: The case of Jacques Derrida." *American journal of sociology* 93(3), 584-622. https://doi.org/10.1086/228790

Li, B. (2023). "An Analysis of Deleuze's Concept of Potentiality." *International Journal of Frontiers in Sociology*, 5(3), 65-69.

Luke, T. W. (1991). "Power and politics in hyperreality: The critical project of Jean Baudrillard." *The Social Science Journal*, 28(3), 347-367. https://doi.org/10.1016/0362-3319(91)90018-Y

Luzar, R. (2019). "The multiplicity of (un-) thought: Badiou, Deleuze, event." *Comparative and Continental Philosophy*, 11(3), 1-14 ; https://doi.org/10.1080/17570638.2019.1679980

Manoff, M. (2004). "Theories of the Archive from Across the Disciplines." *portal: Libraries and the Academy*, 4(1), 9-25. https://dx.doi.org/10.1353/pla.2004.0015

Marta, J. (1987). "Lacan and post-Structuralism." *American journal of psychoanalysis*, 47(1), 51. https://doi.org/10.1007/BF01252332

Massumi, B.(1996). "Becoming-deleuzian." *Environment and Planning D: Society and Space*, 14(4), 395-406. https://doi.org/10.1068/d140395

Mendie, J, and Stephen, N. (2020). "A philosophical analysis of Jacques Derrida's contributions to language and meaning." *International Journal of Humanities, Management and Social Science (IJ-HuMaSS)*, 3(1), 20-34. https://doi.org/10.36079/lamintang.ij-humass-0301.109

Nuyen, A. (1989). "Derrida's deconstruction: Wholeness and différance." *The Journal of Speculative Philosophy*, 3(1), 26-38. http://www.jstor.org/stable/25669901

Olivier, B. (2008). "Trauma and literature: Derrida, 9/11 and Hart's The reconstructionist." *JLS/TSW*, 24(1), 32-57. https://doi.org/10.1080/02564710701789032

Paden, R. (1984)."Surveillance and torture: Foucault and Orwell on the methods of discipline." *Social Theory and Practice*, 10(3), 261-271. https://www.jstor.org/stable/23556565

Peet, R. (1992). "Some critical questions for anti-essentialism." *Antipode*, 24(2), 113-130. https://doi.org/10.1111/j.1467-8330.1992.tb00432.x

Pottage, A. (1998)."Power as an art of contingency: Luhmann, Deleuze, Foucault." *Economy and society* 27(1), 1-27. https://doi.org/10.1080/03085149800000001

Prakash, G. (1994). "Subaltern studies as postcolonial criticism." *The American historical review*, 99(5), 1475-1490.

Protevi, J. (2006). "Deleuze, Guattari and emergence." *Paragraph*, 29(2), 19-39. https://doi.org/10.3366/prg.2006.0018

Radford, G. P., and Marie L. R. (2005). "Structuralism, post-structuralism, and the library: de Saussure and Foucault." *Journal of documentation*, 61(1), 60-78. https://doi.org/10.1108/00220410510578014

Rodriguez, C. E. (2025). "Governmentality: The core tendencies in contemporary regulation." *Interciencia*, 50(4), 205-210.

Rosenzweig, R. (1993). "Digitizing the past: a history book on CD-ROM." *Information Services and Use*, 13(1), 35-40. https://doi.org/10.3233/ISU-1993-13105

Smith, D. W. (2009). "Deleuze's Concept of the Virtual and the Critique of the Possible." *Journal of Philosophy: a cross-disciplinary inquiry*, 4(9), 34-43.

Tredinnick, L. (2007). "Post-structuralism, hypertext, and the World Wide Web." *Aslib proceedings*, 59(2), 169-186. https://doi.org/10.1108/00012530710736672

Turkel, G. (1990)."Michel Foucault: Law, power, and knowledge." *Journal of law and society*, 17(2), 170-193. https://doi.org/10.2307/1410084

Voss, D. (2013). "Deleuze's third synthesis of time." *Deleuze Studies*, 7(2), 194-216. https://doi.org/10.3366/dls.2013.0102

Wolny, R W. (2017). "Hyperreality and simulacrum: Jean Baudrillard and European postmodernism." *European Journal of Interdisciplinary Studies*, 3(3), 75-79.

Young, R. (1982). "Post-structuralism: the end of theory." *Oxford Literary Review*, 5(1\2), 3-20. http://www.jstor.org/stable/43973639

**Book chapters:**

Davis, C. (2020). "Trauma, poststructuralism and ethics." In: Meretoja, H. (ed), *The Routledge companion to literature and trauma*, New York, Routledge, 36-44.

Han, S. (2020). "Structuralism and post-structuralism 1." In: Elliott, A. (Ed), *Routledge handbook of social and cultural theory*, New York, Routledge, 40-56.

Kellner, D. (2002). "Jean Baudrillard." In: Willem B. & Natoli, J. P. (eds.), *Postmodernism: The key figures*, Oxford, Blackwell Publishing, 50-55.

Kirsch, M. (2020). "Queer theory 1." In: Elliott, A. (Ed), *Routledge Handbook of Social and Cultural Theory*. Routledge, 265-286.

Millard, D. E. (2023). "Strange patterns: Structure and post-structure in interactive digital narratives." In: Hargoog, C. (Eds), *The Authoring Problem: Challenges in Supporting Authoring for Interactive Digital Narratives*. New, York, Springer 147-169.

Mouzelis, N. (2010). "Poststructural theories." In: Crothers, C., *Historical Developments and Theoretical Approaches in Sociology* 2. Oxford, Eolss Publisher, 289-310.

Peters, M, and Kenneth W. (2003). "Postmodernism/Post-structuralism." In: Blake, N. (Eds), The Blackwell guide to the philosophy of education. Oxford, Blackwell publishing, 57-72.

Wood, David Murakami. "Beyond the panopticon? Foucault and surveillance studies." In: Jeremy W. Crampton (Ed), *Space*, *knowledge and power*. Routledge, 2016. 245-263.

Woodward, K, Deborah P. D., and John P. (2009). "Poststructuralism/poststructuralist geographies." In: Kitchin, R. and Thrift (Ed), *International encyclopedia of human geography*, Elsevier, Amsterdam, 396-407.

Young, J. E. (2008). "The texture of memory: Holocaust memorials in history." In: Nünning, A. (eds). *Cultural memory studies: An international and interdisciplinary handbook*. Berlin, Walter de Gruyter, 357-365.

**Online:**

Crane, G. (2016). "A Digital Public Library of America and the Transformation of the Humanities." *Tuft University, The Perseus Digital Library*.